بۆچی

# له ئەڵمانیا دروست کراوە؟

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

بەسام عۆدە

# بۆچی

# لە ئەڵمانیا دروست کراوە؟

تاریق کارێزی

کردوویە بە کوردی

ناوی کتێب: بۆچی لە ئەڵمانیا دروست کراوە؟
نووسینی: بەسام عۆدە
وەرگێڕانی: تاریق کارێزی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٢٢
پیت لێدان: هەڤاڵ عەبدولەجید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە١٩١٣ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## سوپاس

زۆر سوپاس بۆ هاوکارمان ئەنتوان غانم، سەبارەت بەو وێنانەی بەشێوەیەکی بەرزی هونەری و پیشەیی و ڕیشەیی بەشدار بوون لە پەرچڤەکردنی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بە شێوەیەکی ئاسان، کە بزەو خەندە بە ڕوخساری خوێنەر دەبەخشێ.

**دیاری**

بۆ عــاسـم هـایـدرون عــۆدە بۆ ئـەرکی دڵســۆزانە و بـۆ کــردنەوەی دەروازەی ســــەرەکی لـە بـەردەممدا، یـورگ شـیـرنبک هـاوکـارە و بـەبێ ئەوەی بزانـێ، ڕاسـتـگۆیانە و بەگــوێرەی ئـەوەی ڕەچەڵەکی لەســەری فــەرز دەکــات، هەڵسوکەوتی کرد.

پـیــتــەر و ترووودی بـفلگەر، چونکە هەر بـەخــەســڵــەت ڕاستگۆ بوون و هەر خودی خۆیان بوون.

## بەرایی

بۆچی لە ئەڵمانیا دروست کراوە؟

حـــاڵەت یان دیاردەی ئەڵمـــانی، مـــرۆڤی ئەڵمـــانی، تەرزی ژیانی، کـرداریانە و تایبـــەتی، دابونەریتی، هەڵســوکـــەوتی ڕۆژانەی. هەر هەمـــوویان بە بڕوای من لە خـــزمـــەتی ڕاســـتگۆیی لە ئەڵمـــانیـــا دروستکراوەدان، کە ئەم دەوڵەتە بەدەستی هێناوە، هاوواتاشە لەگەڵ چاکی و سەلامەتی و متمانە و مانەوەی درێژ.

کـاتێ بەرهـەمـێکی ئەڵمـانی دەخـرێتـە بەردەمت، ئیـدی تۆ لەخـۆڕا بەدوای وردەکـــاریی ئاســـاییـــدا ناگـــەڕێی، بەڵکو هەوڵ دەدەیت بەشـــێـــوەیەکی ســـەرەکی لەو بڕە پارەیە دڵنیـــا بیت کـــە لەنێـــو جـزدانەکـەتدایە بۆ کـڕینی ئەو بـەرهەمـە، پاشـان تۆ ئامـادەی کـە پارەیەکی زیاتر بە بەرهەمێکی ئەڵمانی بدەیت، لەجیاتی بەرهەمێکی هاوشێوە بەڵام لە دەوڵەتێکی دیکەدا دروست کرابێت، تەنانەت ئەگەر ئەمی دواییان گەلێ هەرزانتریش بێت! زۆر کەم لە ئێمە – ئەوانەی کە ئاگامان لە ئەڵمانیا هەیە – گوێی لە ئاگاداریی لوفهتزا نەبووە، کە داواکردنی فڕۆکەی بەکارهاتووی – کاتێ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی گەلە فڕۆکەکانی چاک کردەوە – لە بەرزترین ڕێژەدایە لە جیهانداو خەڵک پەرۆشی پەیداکردنیانە. هەر بۆ ئاگاداریشی مەرج نییە فڕۆکەی باری ئەڵمانی لە ئەڵمانیا دروست کرابێت، پێوەستە بەو چاککردنەوە توند و

پتەوەی کە کۆمپانیاکە پەیڕەوی دەکات.
ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو: لەو بڕوایەدا نیم کە کەسێک لە جیهانی عەرەبدا هەبێت، کە کەسێ یان برادەرێک بناسێ و ئۆتۆمبیلێکی ئەڵمانی کڕیبێت و بەکاریش هێنرابێت.
جا.. بۆ؟

# پێشەکی

ئەم کتێبە لەبەر چی:
گەلێ شت و هەڵوێست و ڕەفتار هەیە دەیانبینین و لەگەڵیاندا دەژین یان هەر بەلایاندا گوزەر دەکەین. هەندێکیان سەرنجمان ڕادەکێشن و هەندێکیشیان تا ڕادەی سەرسوڕمان و واق وڕمان کارمان لێ دەکەن، جا بزەیەک دەمانگرێت و درێژە بە کاروانەکەمان دەدەین. ڕەنگە خووی یەکدی بگرین، بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنگ و ڕوخسار و شێوەی رووکەشانەی شتان نەک جەوهەر.

ئەم کتێبە هەڵوەستەیەکە لە ئاست ڕەفتار و نەریتی ژیانی تاکە کەسی ئەڵمان، ڕەنگە بەرچاوی خوێنەر ڕوون بکاتەوە و یارمەتیشی بدات سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ ئەڵماندا و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ تۆدا، ئەویش لە هەموو بوارێکی کردارەکەی و تایبەتدا: چۆن کار دەکات؟ چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئەدی لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە نووسینگە، لە کارگە، لە شەقام، لە ماڵ، لە مۆڵەتدا، لە...، لە...، لە... چۆن ڕەفتار دەکات؟ مەبەست لەم کتێبە ستایشکردنی گەلی ئەڵمان نییە، بەڵام لەبەرئەوەی بە بەراورد لەگەڵ هی دیکەدا – گەلێکە لەڕێی متمانەکردن بە بەرهەمەکەی و ڕاستگۆیی خۆیەوە، بوونی خۆی سەپاندووە: «لە ئەڵمانیا دروست کراوە»، هێندەی کە ڕوونکردنەوەیەکە لە ڕوانین و هەڵسوکەوتم لەگەڵ دیاردەی

ئەڵمـانیدا، ئەگەر قـسـەکە شـیـاوی مـەجلیس بێت: هەڵە نییـە مـرۆڤ ســـوود لە ئـەزمـــوون و کـــاری ئەوانـە وەربـگرێت، هـەروەها ئـەوەی بەگـونجـاویشـی دادەنـێت بۆ ژینگە و دابـونەریت و ژیانـی تـایبـــەت لە وڵاتی دایکیدا، گەڵاڵەی بکات.

هەڵسانەوەی ئەم گەلە لە نیـمـچە وێرانییـەکی تەواوی پاش دووەمین جەنگی جیهان، بۆ ئەوەی ببێتە قەوارەیەکی هەرە گرینگ لەنێو وڵاتانی جیـهـانـدا لە ڕووی ئابووری و پیـشـەسـازییـەوە لـە مـاوەیەکی نیـمـچـە کورتدا، وا پێویست دەکات سەبارەت بە هۆیەکانی پشت ئەم دیاردەیە، هەڵوەستە و لێکۆڵینەوەی بکەین.

**جا بۆ؟**

ئەم کتێبـە ڕابەرێکی گەشـتـیـاری نـیـیـە، یان بڵێی ڕێنـوێنی بن بەو واتایەی تێی دەگەین: بێ مـامـۆسـتـا فـێری ئەڵمـانی ببـە یان شـتـی لەو جـۆرە، بەڵکو بۆ ئەوەی خـوێنەریش لە ئەزمـــوونی سی ســاڵـەمــدا بەشـــداربێت، لەڕووی هەڵسـوکـەوت و کـارکـردن و ژیان بەســەربردن لەگـەڵ ئەڵمـانـدا لـەناوخـۆ و دەرەوەی ئەڵمـانـیـادا، بەتایبـەتی لـە چەند وڵاتێکی عـەرەبیدا. من لەو بڕوایەدام ئەم بەشداریکردنە بێ سێ و دوو یارمـەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لەم گەلە. ئەم بەرهـەمـە بۆ هـەمـوو ئەو کەسانەیە کە داخـوازن بچنە ئەڵمـانیا یان کار و هەڵسوکەوت و ژیان لەگـەڵ ئـەڵمـانـدا بکـەن، تەنانەت بۆ گـەشت و سـەردانیش هـەر سـوود بەخـشـە. مـەبەست لە نووسـینی ڕاڤـەکردنی عـەقڵی ئەڵمـانە، هـەروەها ژیانـی تایبـــەتـیـــان، دابونـەریتــیـان، ڕێـوڕەســمـی کـۆمــەڵایـەتی و منداڵانیان.. بە کورت و بە کوردی ئەو مرۆڤەی لەپشتی ئەو ئامێرەوەیە

که لەسەری نووسراوە (لە ئەڵمانیا دروست کراوە)یە.

هەر بۆ زانین چەندین داب و هەڵسوکەوت لەم کتێبەدا نووسراون و ئێستا بەرەو نەمان دەچن! بەڵام خەڵکانێک هەن تا ئێستا هەر لەسەریان بەردەوامن و سوورن لە پاراستنیان، لە پێناو گێڕانەوەشیان بۆ نێو تەرزی ژیانەوە شەڕ دەکەن... تا ئەمڕۆش هەر سەردەکەون.

گەلێ نوکتە لەبارەی ئەڵمان و نەژادپەرستیانەوە هەیە، کە بە دەوری ئەوەدا دەسووڕێنەوە و دەچنە خانەی ئەوەی بە گەلی جیا ناویان بێت، کە بەرامبەر بەوەی: لە ئەڵمانیا دروست کراوە، نەژادپەرستێکی توندڕەون. یەکێ لەو نوکتانە دەڵێ:

ڕۆژێ لە ڕۆژان سێ پیاو کە هەریەکیان هی وڵاتێک بوو گەیشتنە یەک و لەبارەی ئۆتۆمبیلەکانیان دەکەونە گفتوگۆ، یەکەمیان گوتی:

من ئۆتۆمبیلێکی تۆیۆتا لکزسم هەیە، ئیدی کەوتە باسکردنی خەسڵەتە تایبەتەکانی، کە ئارامە و لێخوڕینی ئاسانەو کەم سووتەمەنی خەرج دەکات، هەتا دەگاتە ئەوەی تازەترین دۆزراوەی تەکنەلۆجیا لە ئۆتۆمبیلەکەیدا هەیە.

دووەمیشیان کەوتە پیاهەڵدانی ئۆتۆمبیلە ئەمریکاییەکەی، کە تازەترین هۆیەکانی خۆشی و ئەوپەڕی تەکنیک و هەیبەتی تێدایە، سەبارەت بە ئامێری ئەلیکترۆنی بۆ دیتن لە شەودا و شتی دیکە لە تازەترین بەرنامەکانی بیل گایتس کە لەنێو ئۆتۆمبیلە خۆشەویستەکەیدا هەیە.

سێیەمشیان کە ئەڵمانێک بوو، یەک قسەی کرد و بێدەنگ بوو... کە ئەوانی دیکە پێی پەست بوون و بڕۆیان هەڵتەکاند!

به بۆچوونی خۆی و هەردوو پیاوەکەی دی، ئەو قسەیە شرۆڤەیەکی چڕو پڕو جێ متمانە بوو دەربارەی ئۆتۆمبیلەکەی، ئەو قسەیەشی هەر تەنیا (من مارسیدسم هەیە) بوو.

هەوڵیش بدە، لەڕێی ئەم نوکتەیەوە بگەیتە رۆحی نوکتە یان قسە مزری لەلای ئەڵماندا، مەرج نییە نوکتە یان قسەی ترش و شیرین هەر لە بارەی خاڵە ڕەجەب و مەلای مەشهوورەوە بێت کە لە وڵاتی ئێمەدا پیاو دێنێتە پێکەنین. ئەو ئەڵمانە خاوەن مارسیدسە، بەوەی نەدەزانی کە ئەو نوکتەیەک دەگێڕێتەوە!

بەشی یەکەم

## ئەڵمان کێیە؟

ئەڵمان سیستەمێکی ژیان و کاری ڕۆژانەیە بە درێژایی شەو و ڕۆژ.

### ئەڵمان و کات

لە گەشتەکەتدا بەرەو ئەڵمانیا کە لەنێو فڕۆکەیەکی سەر بە کۆمپانیایەکی ئەڵمانیدای، بەر لەوەی بگەیتە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت، فڕۆکەوانەکە لەڕێی بڵندگۆی فڕۆکەکەوە پێت ڕادەگەیەنێ کە «پاش چوار خولەک و ٥٣ چرکە تایەی فڕۆکەکە دەگەنە سەر عەرد».

رستەیەکی سادەیەو ئەو چەند خولەک و چرکەیەی کە ماون تۆ دەورووژێنن و پاڵت پێوە دەنێن بۆ ئەوەی لە ڕاستیی ئەو کاتەی دڵنیابیت کە فڕۆکەوانەکە گوتی.

مەبەست لەم ئاگادارییە، پیشاندانی پێوەستیی ئەڵمان و شانازیکردنیانە بە پیرۆز زانینی وردی لە کاتدا. سەرەنجام بەوە دەگەیت کە کات و وردی خەم و خولیای ئەڵمانە تەنانەت بەر لەوەی پێ بنێیتە سەر خاکەکەیان و تا دەگاتە وادەی جێهێشتنی وڵاتەکەیان. ئەوان گەلێکن ژیانی خۆیان ڕێک دەخەن، کە بەشێوەیەکی ڕیشەیی و توندو تۆڵە پشت بە میلی کاتژمێر دەبەستن نەبادا کات لێیان بباتەوە.

ئەڵمـان گۆڕان و شـتی کتـوپڕ لە بەرنامـەی کارو ژیانـی خـۆی ڕەت دەکاتەوە، گەر بە کاتێکی بەس و شیاو پێشتر ئاگادارت نەکردبێتەوە، ئەویش لەبەر هـۆیەکی ڕوون و ئـاشکرا، کـە هـەر گـۆڕانێک بـێ سـێ و دوو کـــار لە پـلانی دواتری دەکـــات، کـــە بـە وردی بە خـــولەک و بـە ڕێزبـەندی بـەرنامـــەڕێژ کـــراوە، تەنـانـەت ئـەگـەر بـەرنامـــەی دواتری چوونێکی بازاڕیش بێت بۆ کڕینی پێداویستی تایبەت.

سـەربـاری ئەوە و لە کـاتی باسکردنی هـەر پڕۆژەی کـارێ، ئەڵمـان سوور دەبن لەسـەر ئەوەی پێشتر و بەر لە کۆبوونەوە، بەرنامـەی کاری ئەو خـاڵانـەی پـێ بێت کـە باس دەکـرێن، بۆ ئەوەی بواری هـەبـێت خـۆی ئامـــادە بکات و مـــتـــمـــانەش پـەیدا بکات... باوەڕ نـاکـەم ئـەرێنـی بن لەگەڵتدا، ئەگەر ویستت بابەتێ یان خاڵێکی دوور لە بابەتی سەرەکیی بەرنـامـــەی دیدارەکـــە بخـــەیتـــە ڕوو، تەنـانـەت ئـەگـەر بـەشـــێـــوەیـەکی نافەرمییش بێت، با وەکو زادەی ئـەو سات و چرکەیەش بێت، کارنامەو خـاڵـەکـانی بـاس و گـفـتـوگـۆ بـۆ هەر بابەت و خـاڵێکی کـارنامـــەکـە مـاوەیەکی دیاریکراو بۆ باسکردنی دەسـتنیـشـان کـراوە. ئـیـدی لە ڕوانگەی ئەڵمـانێکەوە کە بەرەو کۆبوونەوەیەک دێت لەگەڵ تۆدا، دەبێ بە مـاوەیەکی باش لە گـرێدانی کـۆبوونەوەکـە، دانەیەکی ئەو بەرنامـەو خـــاڵانەی لەو کـۆبوونەوەکـەدا باس دەکرێن بەدەست گـەیشـتـبـێت، سـەرەنجام دەبێ تۆش ڕازی بـووبێتی کە بە درێژی گفتوگۆ دەربارەی ئەو خـــاڵانە بکـەیت و، کـاتی تەواویشت هـەیە، کـە هـەفـتـەیەک بـەر لە ئامـادەبوونت لە کـۆبوونەوەکـەدا، هەمـوارێک یان چەند خـاڵێکی دیکە بخـەیتـە ڕوو. کەواتـە، شتی سـەرپێیی نە تێپـەڕ دەبێت و نە کەس پێی خـۆشحـاڵ دەبێت و نە بەنەرمـیش گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، ئێمـەی


عەرەب بە شێوەیەکی گشتی وا ڕاهاتووین. پێویستە لە خاڵەکانی کارنامەکە بکۆڵیتەوە و پێشیان ڕازی بیت، پێشنیازیش بکە ٣٠ خولەک زیادبکرێت بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتگەلێک، کە لە کاتی کۆبوونەوەکەدا دێنە پێش و پەیدا دەبن، ئەوە ئەگەر پێشتر لە بەرنامەکەدا ئاماژە بەو کاتە نەکرابێت.

ئیدی، بەتەما مەبە کە چەند سەعاتێک بەر لە گرێدانی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەڵمانێکدا، لێتی قبووڵ بکات یان بەدەم داوای ڕەتکردنەوە یان دواخستنی کۆبوونەوەکەتەوە بێت، تەنانەت ئەگەر کارەکە بۆ نموونە بانگهێشت کردنی ئەویش بێت بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگێکی جەژنی لەدایکبوون.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ڕادەی بایەخدان و هۆگری و خولیابوونی ئەڵمان و پێوەستبوونیان بە سیستەم و کاتەوە دەخاتە ڕوو، تەنانەت ئەگەر کارەکە پێوەست بێت بەخۆشیی ئەوانەوە یان لە بەرژەوەندیی کەسیی ئەوانیشدا بێت!

کارەساتی سروشت، کە ناوەخت و کتوپڕ لە دەرگا دەدات، زۆر تووڕەو بێزاریان دەکات.

هۆیەکەشی ئەوەیە کە، ئەوان سەبارەت بە ڕێگرتن لە کاریگەریی ئەو کارەساتانە بەسەر سیستەمی ژیانی ئەواندا، بەر لە باران کەپەنکیان بە خۆدا داوە. دەربارەی کۆمپانیایەکی ئەڵمانی دەزانم کە زانیاریی دەربارەی کارو چالاکییەکانی لەنێو سێ سیستەمی کۆمپیوتەردا پاراستووە. یەکەمیان لە تەلاری سەرەکیی کۆمپانیاکەدا، دووەمیان لەنێو تەلارێکی تەنیشت ئەودا، سێیەمیشیان لەژێر زەوی! بۆ ئەوە لە کاتی ڕوودانی هەر کارەساتێکی سروشتیدا لە نموونەی ڕەشەبایەکی


کاتی کار
کارتی نان خواردن
کاتی وەرزش
کاتی ڕۆژ
کاتی پشوو

وێرانکەر، یان برووسکەیەک کە سیستەمی سەرەکی لە یەکەمین تەلاردا بپێکێ، ئەوە دووەم و سێیەم ئەوەی پێویستە دەیکەن و بۆشاییەکە پڕ دەکەنەوە، تا ئەو کاتەی ئەو سیستەمەی زیانی پێ گەیشتووە، چاک دەکرێتەوە. گەر بە گریمانە هەردوو سیستەمی یەکەم و دووەم تێک چوون، ئەوە سێیەمان ئەرکی سەر دەزگاکە ڕادەپەڕێنێ. ئەگەر گریمانە دەکەیت کە سێشەمیش تێکدەچێت، ئەوە پێشنیاز دەکەم، خوێندنەوەی ئەم کتێبە تەواو مەکە.

لە کاتی ڕوودانی هەر کارێکی کتوپڕ یان کارەساتێکی سروشتیدا کە بەرنامەڕێژیی بۆ نەکرابوو! یان پێشتر پێشبینی نەکرابوو، ئەوە ئەڵمان تێکڕاو یەک دەست هەموو وزە و توانایەکیان بەوپەڕی ئەرک و هیمەتەوە دەخەنە گەڕ، بۆ ئەوەی سیستەم بخەنەوە سەر ڕێگا و، ڕەوتی باوی خۆی، بەڵام بە وردترین شێوە و بە زووترین کاتێ کە دەکرێ. ئەڵمانیای پاش دووەمین جەنگی جیهانم دێتەوە بیر کە چۆن بوو، یان کاتێ لافاوی یەکێ لە ڕووبارەکان هەڵدەستێ، دەبینی هەر هەموو ژیانی ڕۆژانەی خۆیان وەلا دەنێن، هەموو کاتی خۆیان بەبێ ئەوەی گوێ بە بەرژەوەندیی خۆیان بدەن، بۆ گێڕانەوەی ئاوی ڕووبارەکە بۆ نێو ڕێڕەوی ئاسایی خۆی، بێ دواکەوتن دەخەنە گەڕ. ڕوونتر دەڵێم: هەر لە بەراییدا ڕێز لە کات و وادەو بەرنامەی کار بگرە، واتە سیستەم پەیڕەو بکە، ئەمیش بێ گومان لە دوماهیدا هەر دەڕژێتە نێو بەرژەوەندیی تایبەتی خۆتەوە.

بەشی دووەم

## ڕێزگرتن لە موڵک و سامان

## پاشەکەوت و دەستگرتن بە پارەوە... تا نزیکی قرچۆکی

هێڵێکی باریک لە نێوانی قرچۆکی و پاشەکەوتدایە، ئەمەشە کە ئەڵمان سوورن لەسەر ئەوەی تێنەپەڕێن، تێشناپەڕێن! ئەویش بە بەهانەی پاشەکەوتکردن، بەتایبەتی ئەگەر لەچاو هەڵسوکەوتی حەتمییانەی ئێمەی عەرەبەوە لێیان بڕوانیت.

ڕەنگە هەندێکیان ئەوەی پێی دەگوترا پیرە (خانمانی بەرد)مان بە بیربێتەوە، کە ڕاستەوخۆ دوای کۆتایی هاتنی دووەمین جەنگی جیهان کەوتنە کۆکردنەوە و پۆلێنکردن و پاککردنەوەی بەردی ئەو تەلارانەی لە ئاکامی بۆردوومانی شارەکانیان ڕووخابوون، بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی دەشێن بۆ نۆژەنکردنەوەی وێرانەکانی پاش جەنگ بەکاربێن.

ئەڵمان زۆر پەرۆشی سامانی خۆیانن، هەر شتێکی موڵکی خۆیان بێت بە بەشێک لە جەستەو کەسایەتیی خۆیانی دەزانن، واتە هەموو شتێکی خۆیان بریتییە لە ئاوێنەیەکی بالانمای خۆیان. سەرەنجام پاراستنی سامان و کەلوپەل بەپێی ئەم بنەماو پرەنسیپەیە، بەهەستێکی بەرزیشەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدا دەکەن.

ئەگەر بتەوێ هەر شتێکی موڵکی ئەڵمان بێت و بیخوازیت، ئەوە

دڵنیابە کە داواکەت داوایەکی قورس و شەرمهێنە. بۆ نموونە هەوڵ مەدە ئەگەر بۆ نیو سەعات و لەپێناو جێبەجێکردنی کارێکی پێویستیشدا بێت، ئۆتومبیلی برادەرە ئەڵمانەکەت بخوازیت، چونکە بە درێژایی ماوەی دابڕانی لە ئۆتۆمبیلەکەی، تۆ دەبیتە مایەی ناڕەحەتی بۆ ئەو، ڕەنگە ناڕەحەتییەکەی نیو سەعاتەکەش تێپەڕێنێ و چەند ڕۆژێکی دواتریش درێژەی هەبێت.

ڕەنگە ئەم ئەقڵیەتە ببێتە مایەی تەریقبوونەوە بۆ ڕۆژهەڵاتییان، بەتایبەتی بۆ عەرەب کە نەوەی حاتەمی تەین. تۆ کاتێ کە برادەرێکت قسەیەکی خۆشت بۆ دەکات و پێت دەڵێ کە بۆینباغەکەی ملت جوانە، ئیدی تۆ هەوڵ دەدەیت و بە سووربوون و سەرگەرمیی عەنتەر هەوڵ دەدەیت بۆینباغەکەی پێشکێش بکەیت، بە خوا و بەسەری باب و باپیرانت سوێند دەخۆیت و پێداگیری دەکەیت، بۆ ئەوەی بۆینباغەکەت بە دیاری لێ وەربگرێت.

ئەگەر هەڵوێستەکە بە پێچەوانەوە بوو لەگەڵ ئەڵمانێکدا، لەوەی زیاتر لێ چاوەڕوان مەکە کە بڵێ سوپاس، ئیدی باسی جۆری قوماشەکەو چۆنیەتی بڕین و دوورینی و چی دەنوێنێت بۆ دەکات، هەروەها ئەو بۆنەیەی کە بۆینباغەکەی تێدا دەستکەوتووە، لە کۆتاییشدا ناونیشانی ئەو فرۆشگایەت دەداتێ کە بۆینباغەکەی لێ کڕیوە. خۆ ئەگەر بۆینباغەکەت بدەیتێ، سوپاست دەکات و پێی سەیر دەبێت کە تۆ وابەئاسانی واز لە یەک لە شتەکانی خۆت دەهێنی.

لە بەرامبەردا، ئەگەر لە لای خۆتەوە ئۆتۆمبیلەکەت یان کامیراکەت یان هەر شتێکی دیکەی خۆت خستە بەردەم و خزمەتی میوانێکی ئەڵمانت، پێشی بڵێی کە بۆ ماوەیەک پێویستت پێی نییە، تۆ و ئەویش



دەزانن کە ئۆتۆمبیلەکە گەلێ کاری بۆ ڕایی دەکات. جا بەم کارە حاتەمییانەی خۆت ئەڵمانەکە دەحەپەسێنی، ئیدی ئەو نازانێ چی بکات و بەرامبەر بەم بەرپرسایەتییە گەورەیە چ کارێک بکات! ئەم کارە بەلای ئەو و، وە کولتوورەکەی ئەوەوە ڕەفتارێکی ڕوون و باو نییەو بەلایەوە سەیرە. سەرسوڕمانەکەی گەورەتر دەبێت، کاتێ بیر لەوە دەکاتەوە چۆن چۆنی پاداشتی ئەو ڕووخۆشییەی تۆ بداتەوە، واتە لە ئایندەدا ئۆتۆمبیلەکەی خۆی یان شتێکی هاوشێوەی ئەوت بە خواستن بداتێ، کە باش دەزانێ ئەو ئامادە نییە، بەو شێوە ئاسانەی لە لای ئێمەدا باوە، واز لە یەکێ لە شتەکانی خۆی بهێنێ.

ئەگەر دەتەوێ بە شەرمیدا بخەیت، ئۆتۆمبیلەکەی لێ بخوازە یان مۆبایلەکەی لێ داوا بکە کە تەلەفۆنێکی ناوخۆی پێ بکەیت.

بەشی سێیەم

## یەکەمین دیدار و ڕێوڕەسمی تەوقە

یەکەمین دیدارت لەگەڵ ئەڵمانێکدا، لە ڕووی پرەنسیپەوە شتێک نییە لە دەرەوەی ڕێوڕەسمی باوی نێو کۆمەڵگاکانمان. بە ڕوویەکی گەش یان سووکە خەندەیەک دەست پێ دەکات. لە هەموو حاڵەتێکدا وا تێمەگە کە ئەو ئەڵمانە دەیەوێ زۆرانبازیت لەگەڵدا بکات یان دەیەوێ لە هێزی مەچەک و بازووت دڵنیابێت، کاتێ هەست بە پاڵەپەستۆیەکی توند دەکەیت یان لە کاتی تەوقەکردندا هەوڵ دەدات دەستت بگوشێت. ئەمە دابێکە و ڕاڤە ناکرێت.

دەستی چەپت دەبێ بە درێژایی کاتی تەوقەکردنەکە ئازادبێت، واتە بۆ گرتنی مەچەکی ئەو کەسە بەکاری مەهێنە کە تەوقەی لەگەڵدا دەکەیت، ئەمە خوویەکی سەرباری بەخێرهێنانە کە لە وڵاتی ئێمەدا پەیڕەو دەکرێت. با دەستی چەپت بە درێژایی کاتی تەوقە کردنەکە دیاربێت، واتە نەک لەنێو گیرفانتدا بێت یان بردبێتتە پشتەوە. هەندێ پیاو لە کاتی تەوقەکردندا هەر تەنیا سەر دەلەقێنن.

سەبارەت بە سڵاوی خانمانیش، کەم کەس لە کاتی دیداری سەر کاردا دەست ماچ دەکەن. ئەگەر مەسەلەکە لە پای ڕێزگرتندا بوو، ئەوە هەر تەنیا سووکە فوویەک لە دەستی خانم دەکرێت، واتە بەبێ

ئەوەی لێک خشان و بەریەک کەوتن لە نێوانی دەم و دەستەکەدا ڕوو بدات.

لە ئاهەنگی تەوقەکردن و یەکترناسیندا، ئەڵمان دووبارە خۆیت پێ دەناسێنێ و ناوی ماڵبات یان نازناوەکەیت پێ دەڵێ، هەرچەندی کە کەسێکی سێیەم تۆی پێ ناساندبێت. نهێنیی ئەم شتە لەوەدایە کە لایەنی سێیەم لە هەر بە هەڵە درکاندنی ناوەکانیان بپارێزێت، هەروەها لەبەر سووربوونی ئەڵمان سەبارەت بە گۆکردنی ناوی خۆی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست. پێشنیاز دەکەم تۆش هەمان شت بکەیت، چونکە ناوی ماڵباتی ئێمە لەلای ئەڵمان بە زەحمەت گۆ دەکرێت، وەک چۆن ئێمەش بە زەحمەت ناوی ئەوانمان پێ گۆ دەکرێت.

ئەگەر بۆ کارێکی چەند ڕۆژە سەردانی ئەوێت کرد، پێشبینی بکە کە ڕۆژی بەلای کەمەوە لە کاتی یەکتر بینیندا یەکجار تەوقە لەگەڵ خانەخوێیەکدا دەکەیت، پاشان جارێکی دی کە خواحافیزی لێ دەکەیت تا بۆ ڕۆژی دواتر بەیەک دەگەنەوە. هەمیشە حازر و ئامادە بە، کە بەدەستی ڕاست تەوقە بکەیت، هەرچەندی کە کەشیش ساردبێت!

پیاوان کە یەکتر ماچ دەکەن، یان باوەش بە بەیەکداکردن، یان دەست خستنە سەر شان، یان دەست بە پشتدا هێنان، هەموو ئەم شتانە ڕێوڕەسمی باوی بەخێرهێنانە لە لای ئێمە و لە ڕێی ئەم شتانەوە، بەگەرمی بەخێرهێنان و میوانە دۆستیی خۆمان دەردەبڕین. ئەمانە بەلای ئەڵمانەوە پەسند نین، کە ئەگەر بۆ دووەم جار و چوارەم جاریش بێت کە یەکتر دەبینن.

با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی ناو. لە کاتێکدا کە پێوەندییەکە فەرمی




دەبێت، واتە دۆستانەو خزمانە نییە، ئەڵمان بەناوی ماڵبات یەکدی بانگ دەکەن. لەم حاڵەتەشدا، واتە لە پێوەندیی فەرمیدا، دەبێ پەیڤی بەڕێزتان لە جیاتی تۆ بەکار بهێنی! واتە ئەگەر دەتەوێ بەڕێز هانز موولەر بدوێنی و پێوەندییەکی ڕەسمی لە نێوانتانە، ئەوە دەبێ لە کاتی دواندندا پێی بڵێی: بەڕێزت و بەڕێز مولەر.

کاتێ سەهۆڵی ساردو سڕی دەشکێ و پێوەندییەکە بەتینتر دەبێت، ئەوە سرووتی دیکە هەن. کاتێ لەگەڵ ئەڵمانێکدا قسە دەکەیت و بە ئەو (نەک بە بەڕێزت) ناوی دەهێنی کە یەکەمین ناوی هانزە، ئەوە نابێ بە هانز لە لای کەسی سێیەم ناوی ببەیت، بەڵکو دەبێ بڵێی بەڕێز هانز. وەک تێبینی دەکرێ بەکارهێنانی بەڕێزت لە کاتی قسەکردندا وا بەرەو نەمان دەچێت، بە تایبەتی لە لای لاواندا.

## دیدار

بەر لەوەی بچیتە دیداری بەڕێوەبەر یان بەرپرسێکی ئەڵمان، بەچاو پۆشین لە پلەو پایەکەی، دەبێ پێشتر وادەی تەواوی دیدارەکە و هۆی ئەو دیدارەش وەربگریت. ئەمەش وەک کلیل وایە بۆ بەدیهاتنی دیدارەکە.

**پاسەوان:** هەر بەڕێوەبەرێ یان بەرپرسێک، پاسەوانێکی درِی هەیە، کە هەموو جۆرە چەکێکی پاراستن و بەرپەرچدانەوەی پێیە. ئەو پاسەوانە خانمە سکرتێری تایبەتی بەڕێوەبەرە، کە پاسەوانی تاکە دەروازەی لانەی نووسینگەی سەرۆکەکەیەتی، کە لە هەر سەردانێکی کتوپڕی تۆ یان هەر فەرمانبەرێکی دیکەی دەزگاکە دەیپارێزێ، وەک چۆن ماشێر بێچووی خۆی دەپارێزێت.

هەروەها ئەرکی سکرتێرە کە قاوەو شتی دیکەی لەو جۆرەش ئامادە بکات. لە کاتی کۆبوونەوەت لەگەڵ بەرپرسەکەیدا، لەگەڵ هەر هاتنە ژوورەوەیەکدا بۆی هەڵمەستە سەرپێ. واتە ڕێ مەدە کە سیفەتی ماشێرییەکەی لە کارکردندا کار لە هەڵسوکەوتی تۆ بکات. هەر لەگەڵ چوونت بۆ نێو لانەی بەڕێوەبەر، ئیدی مەترسیت لەسەر نامێنێ.

پێویستە لەسەرت پێشتر وادەت وەرگرتبێت، هەر لە ڕێی ئەو ماشێرەوە ڕەزامەندییەکەت بەدەست دەگات. چاوەڕوانی مەبە لێت حاڵی بێت، کە بڵێی بە ڕاستی دۆستێکی نزیکی بەرپرسەکەی ئەویت و ئارەزوو دەکەیت بەم سەردانە کتوپڕە شادو خۆشحاڵی بکەیت. خۆشت لە خشتە مەبە کە سیمای عەرەبانەو جوانیی ڕەنگو ڕووت، کارەکەت بۆ ئاسان دەکات. لەوێدا سیستەم نەرم و نیانیی تێدا نییە.

پاش ئەوەی بە سەلامەتی ئەو لەمپەرە تێدەپەڕێنی، واتە بەگوێرەی وادەیەکی پێشتر دیاریکراو کە لەسەری رێککەوتوون، دیدارەکە بەجێ دێت. یەکەمین دیدار فەرمی دەبێت، ئیدی لەسەرتە بەرگێکی شایستە بەو کۆبوونەوە و دیدارە لەبەر بکەیت، وەک ئەوەی داوەتی سەر شایی کرابیت! بە چاوپۆشین لە گەورە و بچووکیی تەمەنی ئەو بەرپرسەی دەچیتە دیداری. تەوقە لەگەڵ ئەو دەستەدا بکە کە بۆت درێژ دەکرێت، پاشان یەک هەنگاو بەرەو دوا بکشێوە. هێرشبردن بۆ سەر خانەخوێ، کە هەردوو باڵت بکەیتەوە بۆ لە ئامێز گرتن و ماچ کردنی ئەملاو ئەولا، دوو کاری ناپەسندن بەلای ئەڵمانەوە. تەنانەت ئەگەر دیدارەکەشتان یەکەمین دیدار نەبێت.



لەو شـوێنەدا دانیـشـە کە خـانەخـوێ بۆت دیاری دەکات. وا بـاوە کـە گۆشـەیەک بۆ دانیـشـتنی سـێ کەس بە دەوری مـێزێکی بچـووک و دوور لە مێزی خانەخوێ هەیە.

**درۆ:** ئەڵمـان (وا بـاوە) درۆ ناکـات، بـەڵام لە پیــشــەی بێـدەنگی و گۆڕینی بابەت لە کاتی سەغڵەت کردنیدا، کارامەیە.

لەم جـۆرە دیدارو کـۆبوونەوانـەدا، ئەڵمـان زۆر پابەندی دابـونەریت و بەندو باون، تا سەر ئێسک فەرمین، تەنـانەت لە کاتی باسکردنی نوکتە و قسەی خـۆشیشدا. دەبێ بە چرکە پابـەندی وادەو ژووان بیت، چاکتر وایە دوو تا سـێ خولەک بەر لە وادەی دیاریکراویش ئامادەبیت.

ئـەڵمـــان پـابـەنـدن بـەوەی دیـدارو کـــۆبوونـەوە لە وادەی دیـاریکـراوی خــۆیدا تـەواو بێت، واتـە بەر لەوەی خـــانەخــوێیــەکـەت چاو ببــڕێتــە کاتژمێرەکەی دەستی، لەو کاتەی کە تۆ ئاگات لێیەتی و، هـەر دە چرکە جـارێ تەمـاشـای دەکـەیت (هـەر بۆ ئاگـاداری کـاتژمـێـرێکی قـەد دیوار هەڵواسـراوە، کـە لە شــوێنی دانیــشــتنەکـەی تۆوە، وە هـەروەهـا لە کورسییەکەی ئەویشەوە، بە ڕوونی دەبیندرێ).

هـەروەهـا بـەر لەوەی مـاشـێرەکـە لێـتـان بێـتـە ژوورێ، بـۆ ئەوەی بە خانەخوێیەکەت بڵێ، کە وادەی دیداری دواتر هـاتووە، یان کارێکی فرە گرینگ هـەیە پێت بڵێ، کە دەمودەست دەبێ بایەخی پێ بدات.

داوای بەکارهێنانی ئامێرەکانـی نووسینگەی خانەخـوێیەکەت مـەکە، کـە بتــەوێ بە تەلەفۆن یان فـاکس یان کۆمـپیـوتـەر ئیـمـێڵێک بنێری. چونکە هـەر هـەمـوو ئەو شتانە بەشێکن لە کەسایەتیی ئەو، یان موڵکی تایبەتی ئەون.

خـۆ ئەگـەر هـەر پێـویست بوو یەکێکیـان بەکـاربهـێنی – بێگومـان

لەبەرئەوەی پێـوەندیی بە کارەکەوە هەیەو زۆر پێـویسـتـە – وا باوە کە خـانەخـوێ ڕێت پێ دەدات، بەڵام بە دڵگرانیـیـەوە. خـۆ ئەگـەر ئامـادە نەبوو بوارت بدات، پاش ئـەوەی تۆ ئـامــاژەت دا کــە پێــویســتـت بە بەکارهێنانی هەیە، ئیدی واز لە ئاماژەدان بهێنەو هۆیەکە شی بکەوە. وریابە لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفۆندا، بەپێی توانا لە کورتی بیبڕەوە. واتە سڵاو و ڕێزو چاک و چۆنیی خـزمان و تەندروستـیی دراوسێکان و ئەو پێشـەکیـیانەی لە کولتووری ئێمـەی عەرەبدا باوە، لەم هەڵوێستـەدا پەسند نین.

چاوەڕوان مـەبە لە دڵەوە بەخـێرهـاتنتـان بکات، گەر ویسـتت کتـوپڕ سـەردانی ئەڵمـانێک بکەیت لـە ماڵـەکەیدا، ئـەگەر بێتـوو پێشـتـر وادەت وەرگـرتبـێت، دۆسـتـاتیـیـەکـەتان هـەر چیـیـەک بێت، ئەوە بە سـاردو سڕییـەوە پێشـوازیت دەکات. ئەوانیش بەبێ وادەی پێـشـتـر، هـەرگـیـز ســــەردانت ناکـــەن، هـەمــــان ڕێز لـە تـۆ چاوەڕوانـن، ســــەبارەت بـە تایبەتمەندیی خۆت و ژیانی تایبەتت.

بەشی چوارەم

## گفت و لفت

ولآتی Bitte Schoen و Danke schoen

گەلی ئەڵمان بەگشتی گەلێکی ڕەوشت بەرزە. دەبوورێ و تێش دەگات کە میوانی بیانی شارەزایی دابونەریت و بنەمای ئەو پرۆتۆکۆلانە نییە کە لە ولآتی ئەودا باون. بەلآم هیچ پاساوێک بۆ ئەوانە نییە کە لە ئەڵمانیادا نیشتەجێن، ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی کە دەبێ ژیانی ئەو میوانانەی لە ولآتی ئەواندا نیشتەجێن، لەگەڵ هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ئەواندا بگونجێت، تەنیا هەڵسوکەوتی نێو ماڵی لێ دەربچێت.


سوپاس و ببوورە لە ولآتی Bitte Schoen و Danke schoen دا ، ڕەنگە زووترین پەیڤێ بن کە لە یەکەمین ڕۆژگاری گەیشتنت بە ئەڵمانیا بەر گوێت دەکەون، ئەوە ئەگەر پێشترو بەر لە هاتنت، لە ولآتەکەی خۆتدا پێیان ئاشنا نەبوبیت. پرسەکەش پێوەستە بەوەی لە ڕۆژێکدا دەیان جار دەیانبیستی.

کاتێ ئەڵمانێک دەبینی و دەزانێ تۆ خەڵکی کام ولآتی، پەرۆشە کە بە نیەتێکی پاکەوە و بەزمانی عەرەبی (یان هەر زمانێکی دیکەی تۆ – وەرگێڕ) پێت بڵێت سوپاس (شكرا)، لەوپەڕی بەختەوەریدا دەبن کاتێ سەبارەت بە گۆکردنی پەیڤی (شکرا) بەشێوازو بۆنەی دروست،

سوپاسیان دەکەیت.

بەهۆی ئەوەی وشـەی سـوپاس Danke schoen زۆر بەکاردێت، ڕەنگە لە هـەندێ هـەڵوێسـتدا سـەرگـەردان بیت. هـەر بۆ نموونە گـەر بۆ بینینی نمایشـێکی شـانۆیی بانگێـشـتت کـرد، بە وشـەی سـوپاس وەڵامت دەداتەوە... هـەڵبـەت بە وەڵامـی یەکلاکـەرەوە نەگـەیشـتی، لەوە جـاڕس مـەبە کە بـپرسـی ئاخـۆ سـوپاسـەکە بۆ ڕەزامـەندییـە یان ڕەتکردنەوە. ئەڵمان وەک زۆربەی عەرەب، گفت و لفتی خۆشیـان پێ چاکە، حەزیش دەکـەن باس لە دیکۆری مـاڵەکـەیان، یان جل و بەرگی جـوانی خـانمی ماڵ بکەیت، بەڵام زۆر مـەڵێ واتە زێدەڕۆیی مەکە. وا باوە وەڵامی گفت و لفـتی تۆ هـەر سـوپاسـە، هـەروەها پێت دەڵێ: بەڵام مـاڵەکـە هێشـتـا پێویسـتی بە ڕازاندنەوەی زیاترە. سەبارەت بە جل و بـەرگی خانمیش، ئەوە پێت دەڵێ: سـوپاس.. هـەروەها کە تازە نییە،.. هتد.



بەشی پێنجەم


## ماڵی ئەڵمان، قەڵای قایمی ئەوانە

وەک لە برگەیەکی پێشوودا هات، هەر شتێکی کە موڵکی ئەڵمان بێت، ئەو شتە درێژ بوونەوەی خۆی و کەسایەتیی ئەوە.

خانووی ئەڵمان وا باوە کە موڵکی خۆی بێت. ماڵ مایەی شانازی و پابەندبوونی ئۆرگانی و دەروونییەتی، بە گوێرەی چەمکی ئێمە، وەک ئەندامێکی خێزان وایە. جێی ناهێڵێ تەنیا لەبەر هۆیەکی ناچارانە نەبێت، وەک ڕۆیشتن بۆ شارێکی دی، یان ڕەنگە ژمارەی ئەندامانی خێزان لەگەڵ ڕووبەری بەردەستدا نەگونجێت، ئەمەش دەبێتە مایەی گواستنەوەو ڕۆیشتن.

ئەڵمان بایەخێکی زۆر بە باخچەی ماڵ دەدەن، چونکە بەشێکە لە خۆیان، سەرباری بایەخدان بە مەرکانی ژووری دانیشتن، جگە لە مەرکانی درەخت و گوڵی پەنجەرەو بانیژە. ئەوان گەلێکی عاشق بە سروشتن، بە ویژدانیشەوە دەیپارێزن. کاتێ کەش گەرم و سامال دەبێت، دەبینی وەک کوورەی هەنگ بۆ ڕێکخستنی باخچەکە، دەکەونە خۆ.

ئەڵمان لە پشت دەرگای داخراودا دەژین، نەک هەر دەرگای حەوشە دادەخەن، بەڵکو ئەو ژوورانەش دادەخەن کە تایبەتن بە دانیشتنی



ماڵی شەهیدت
وریا بە
تەماشا مەکە
موڵکی
تایبەت

ئەندامانی خێزان. لە ماڵێکدا بوویت و ویستت بچیتە گەرماوەکەیەوە و دیتت دەرگاکەی داخراوە، هێندە چاوەڕوان مەبە، بەڵکو لە دەرگای بدەو یەک چرکەش چاوەڕوان بەو پاشان خۆ بە ژووردا بکە. بە پێچەوانەی دابی باوی نێو وڵاتی ئێمە، کە بۆ نموونە کەمێ دەرگای گەرماوەکە دەکرێتەوە، وەک ئاگادارییەک بۆ ئەو کەسەی دەخوازێ بچێت، کە گەرماو کەسی لێ نییە. لە بەرامبەردا ڕێنوێنیت دەکەم، کە لە ناوەوە دەرگای گەرماوەکە دابخەیت.

ژووری میوان، وا باوە کە گەرم و گوڕو بە ڕایەخە، دار زۆر دەبینی، کورسییەکانی بەشێوەیەکی جوان و ئەندازەیی دابەش کراون، لەسەر هەر کامێکیان دابنیشی، دەتوانی بێ ئەرک و زەحمەت تەماشای تەلەفزیۆن بکەیت.

کاتێ لە ماڵی برادەرێکی ئەڵمانیدا دانیشتبووی، کە ماوەی ۳۰ خولەکی بەسەردا تێپەڕ بووبێت، پێت سەیر نەبێت کە خانمی ماڵێ خۆی بە ژووردا بکات، یان برادەرێکی کار، ڕایبگەیەنێ کە هەوای ژوورەکە تەندروست نییە، ئیدی خانمی ماڵ پەنجەرەکان دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەوای پاک بێتە ژوورێ، لە پاش پێنج خولەک دێتەوەو دەڵێ بایەکی ساردو توند لە پەنجەرەکانەوە دێتە ژوورێ، ئیدی قەپاتیان دەکاتەوە.

مەرج نییە تۆ وا تێبگەیت، کە ئەمە پەیامێکی ڕوونە بۆ تۆ هەستی بڕۆی، بەڵکو ئەمە نەریتێکی ئەڵمانییە بۆ هەڵمژینی هەوای پاک بەپێی توانا.

بەشی شەشەم

## داوەتی نانی ئێوارە

ئەگەر برادەرێکی ئەڵمانت بۆ نانی ئێوارە لە ماڵی خۆیدا داوەتی کردی، ئەمە بە دەسکەوتێکی گرینگ دابنێ، واتە ئەمە داوەتێکە بۆ مۆڵگەی تایبەتی خۆی.

ئەگەر پێت گوترا سەعات هەشتی ئێوارە وەرە، پێویستە بە زمانێکی شیرین کە ئێمە پێی بەناوبانگین، داوەتەکە قبووڵ بکەیت. گەر کرا لە سەعات هەشتی تەواودا، لەبەر دەرگای برادەرە ئەڵمانەکەت ئامادەبە. واتە لەو بڕوایەدا مەبە کە چاکتر وایە درەنگتر بێیت، بە مەزندەی ئەوەی کاتی زیاتر بدەیتە خاوەن ماڵ بۆ ئامادەکردنی خواردنەکە. ئەم کاتە پێشتر بەرنامەڕێژ کراوە، وەک ئەوەی وادەی کۆبوونەوەیەکی گرینگ بێت. هەڵبەت بەر لە وادەی دیاریکراویش ئامادە مەبە، چونکە بە زوو هاتن پرۆگرامی وردی خێزانەکەیان تێک دەدەیت.

پاش ئەوەی دەچیتە نێو (قەلا) ئەڵمانییەکەو لە دوای داخستنی دەرگای سەرەکیی شوقە یان خانووەکە، ڕووبەرێکی بچووک هەیە بۆ پێشوازی و خواحافیزی و هەڵواسینی پاڵتۆ و دانانی دیاری (ئەگەر داوەتی نانی ئێوارە کرای، چەپکێ گوڵ یان شتێکی هاوشێوە، دڵی خانمی ماڵ خۆش دەکات).


ئەدی دوای فرۆشتن
چاککردنەوەی لەسەر
کێ دەبێت؟

ژووری میوان، هێنده گەورەو فراوان نییە بەو شێوەیەی لە زۆربەی ماڵەکانی ئێمەدایە.

چاکتر وایە لە کاتی ئامادە بوونت بۆ نانی ئێوارە، دیارییەک ئەگەر بچووکیش بێت، لەگەڵ خۆتدا بێنی، ڕاستەوخۆش پێشکێش بە خانمی ماڵی بکەیت. دەکرێ شووشەیەک وێسکی لە جۆری باشەکەی بێت، چاکتر وایە سوور بێت، یان چەپکێ گوڵ یان شتێکی هاوشێوە. دەبێ ئەو بەرگ و کاغەزەشی لێ بکەیتەوە کە فرۆشیارەکە تێی پێچابوو. بەر لەوەی گوڵەکە پێشکێش بکەیت، کاغەزەکە لێبکەوە. وریابە جۆرە گوڵێکی گونجاو لەگەڵ بۆنەکەدا بێت، نەبادا ئەو گوڵەی پێشکێشی دەکەیت پەیامێک بگەیەنێت کە تۆ مەبەستت نییە. گوڵی سوور هێمای خۆشەویستییە، گوڵی تایبەت بە مردووش هەیە! گوڵ فرۆش باشترین ڕاوێژکارە لەم بوارەدا، چاکترین ڕێنوێنیشت دەکات.

**نۆشت بێ:** لە کاتی نانی ئێوارەدا هەندێ ڕێورەسم هەن، بەر لە خواردنەوەی یەکەم قومی مەی یان شەربەت یان ئاو، پەرداخەکان بەرز دەکرێنەوەو بە یەکدی دەڵێن نۆشی گیانت بێ، عافێتت بێ. پاش تەواو بوونی یەکەمین قوم، بە زەردەخەنەوە دیسان پەرداخەکان بەرز دەکرێنەوە، بەچاو دەڕوانیتە هەموو ئەوانەی بەدەوری سفرەکەدا دانیشتووە، ئینجا پەرداخەکەت لە لای ڕاستی خواردنەکەی بەردەمت دادەنێی.

وا باوە لە کاتی نانی ئێوارەدا باس لە کەشی وڵاتی ئەوان و وڵاتی ئێمە دەکرێت، پاشان دێتە سەر سەرنجت دەربارەی ئەم سەردانەی وڵاتی ئەوان، پاشان دەچێتە سەر خێزان و دابونەریت. پێشت سەیر نەبێت ئەگەر بەشێکی دانیشتنەکە دەربارەی کار بوو، تەنانەت ئەگەر

بەشـێـوەیەکی ڕاسـتـەوخـۆش نەبێت، یـان ڕەنگە باسـی هـەندێ شـتـی گشـتـی بکرێت، ئەم شـتـە زۆر بـاوە لە لای ئەوان. ڕۆژی دوای داوەتەکە، لە ڕووی مەشـرەب خۆشـیـیـەوە وا بـە پەسند دەزاندرێت، کە تەلـەفـۆن بۆ مـیـواندارەکەت بکـەیت و بۆ داوەتەکەی سـوپـاسـی بکەیت و باسـی ئەو کەشـەش بکەیت کە ئەو ئێوارەیە لەوێدا بەسـەرت برد.

نیــوەڕۆ خــوانـی کــار، دیـاردەیەکــە زۆر دووبـارە دەبـێــتــەوە. ڕەنـگە ئیـسـراحـەت نەکـەیت و تام لەو نیـوەڕۆ خـوانە وەرنـەگریت، چونکە نەک هـەر تەنیـا یەک سـەعـات کـاتت بە دەسـتـەوەیە بۆ نانـخـواردن، کە دوای ئەوە یەکسـەر کـار دەست پـێ دەکـاتەوە، بەڵکو پـێشـبـیـنـی بکە لە کـاتـی نـانـخــواردنـەکـــەشـــدا بـاس لـە هـەنـدێ بـابـەتـی گـــرینـگـی پـێــوەسـت بەکارەکەش بکرێت.

بەشی حەوتەم

## نازناو

ئەڵمان سوورن لەسەر ئەوەی، بەڕێز و خاتوون و پاشان ناوی بنەماڵەکە بڵێن، نەک ناوی یەکەم. بە دکتۆر یان پرۆفیسۆرێکیش بۆ نموونە، دەگوترێ: بەڕێز دکتۆر مۆلەر. سیفەتی کیژۆڵە لە زمانی ئەڵمانیدا لە نەمان نزیک بووەتەوە، ئافرەتانیش لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بە خانم frau بانگ دەکرێن.

هۆی ئەمەش ئەوەیە، کە سیفەتی کیژۆڵە پایەو کەسایەتیی بچووک دەکاتەوە، واتە بە پێچەوانەی ئەوەی لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا باوە. خانمانمان لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا (ئەوپەڕی گەنجی) هەندێ جار حەز دەکەن بە کیژۆڵە بانگ بکرێن، تەنانەت ئەگەر شووشیان کردبێت.

بۆ ئەوەی ڕێی ڕاست بگریتەبەر، ڕێنوێنیت دەکەم، لە کاتی قسەکردن و نامە ناردندا، لە ئەڵمانیا پەیڤی خانم frau بەکاربهێنە.

شەپۆلێکی تازە لە نێو ژمارەیەکی زۆری ژناندا بڵاو بووەتەوە، حەز دەکەن لە کۆت و بەندی سەر بە پیاوەکانیان ڕزگاربن، کە سەرەنجام زۆبەیان سوورن لەسەر بەکارهێنانی نازناوی خۆیان یان هی خانەوادەی بەر لە شووکردنیان. بۆیە پێویستە بەوردی گوێ بگریت لە

کاتی یەکترناسیندا، تەنانەت ئەگەر خانمەکە ژنی کەسێکیش بوو کە دەتناسی. خۆشحاڵ نابێت گەر بە ناوی خانمی مۆلەرەوە بانگت کرد، ئەگەر لەو خانمانە بوو کە حەز دەکات بە ناوێکی دی یان جووت نازناوێک بانگی بکەیت. جووت نازناو، واتە هەندێ لە خانمان هەن حەز دەکەن پێکەوە بە هەردوو نازناوی پێش و پاش شووکردن، بانگ بکرێن. واتە ئەو حەز دەکات بە هەردوو ناوی -Frau mueller schmidt قسەی لەگەڵدا بکرێت، هەرچەندە تۆ دڵنیای کە ژنی Herr schmidt ـە. هەندێ لە خانمانیش هەن حەز دەکەن، تەنانەت لە دوای شووکردنیشەوە، نازناوی خۆیان نەگۆڕێن.

**پلەو پایە:** ئەگەر بە پلەو پایەیەکی کەمتر لە خۆی کەسێکت دواند، ئەوە ڕەنگە ئەو کەسە پەست بکەیت. لێرەدا هەر تەنیا مەبەست پلەو پایەی پۆلیس و سوپا نییە، بەڵکو مەبەستم هەموو بوارێکە، بۆ نموونە لە زانکۆدا: بە پرۆفیسۆر دەگوترێت بەڕێز پرۆفیسۆر، بە دکتۆریش دەگوترێ بەڕێز دکتۆر.

لە نەخۆشخانەشدا، ڕەنگە بەلاتەوە گرینگ نەبێت، کە بە سیفەتی دکتۆرەوە قسە لەگەڵ پزیشک یان نەخۆشیار یان نەشتەرگەر یان گەورەی پزیشکاندا بکەیت، چونکە ڕەنگە لێت بشێوێ، لەبەرئەوەی هەموو کارمەندەکان ڕۆبی سپییان لەبەردایە، بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەو ئەستێرەو هێمای جۆربەجۆریان هەبێت، وەک ئەوەی لە لای پۆلیس و ئەفسەرانیان دەیبینی و کارەکەت ئاسان دەبێت.

ڕێنوێنیت دەکەم کە پرسیاری ئەو پایەو سیفەتە بکەیت، دەبێ لە کاتی قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسەی بە چارەسەر کردنتەوە خەریکە، بەکاری بهێنی.

بەشی هەشتەم

## کار و دەوام

وا باوە وادەی کـار لە نـۆی بەیانییـەوە تا پـێنجی پاش نیـوەڕۆیە، یان وەک ئەڵمـان خـۆیان دەڵێن: تا سـەعـات حـەڤدە. ئـەوە کـاتی ئاسـایی دەوامە لە ڕۆژی دووشەممەوە تا دەگاتە پێنج شەممە. ڕۆژانی هەینیش دەوام زوو، لە سەعات پازدە یان شازدەدا، تەواو دەبێت.

### شەممە و یەک شەممە پشوون

مـۆڵەت و جـەژنەکـانیـان درێژو هـەمـەجـۆرن، هـەیە ئاینییـە، هـەیە لە سـەرەتـای بەهاردایە تا دەگـاتە جـەژنی شـەراب و هـی دیکە. ئـەگـەر وا ڕێکەوت جــەژن لە ڕۆژی پـێنـج شــەممەدا بـوو، ئەڵمــان هـەوڵ دەدەن، ڕۆژی هـەینی، کـە دەوامـەکـەی کورتە، بکەنە ڕۆژێکی پشـووی سـەربار، بۆ ئـەوەی پشــووی هـەفـتـەکـە درێژو شــایان بێت. واتە دووشــەممەی داهـاتوو، ڕۆژی گـەڕانەوە دەبێت بۆ سـەر کـار. لەسـەرتە کـە وادەکـانی خـۆت لـە ڕۆژ و مـانگی گـونجـاوی ســاڵدا دیاری بکـەیت. هـاوین وەرزی مۆڵەتی درێژە. لەبیریشـی مەکە کە گەلێکیان لە وەرزی بەفرە خلیسکێ و جەژنی قیـامەدا، واتە لە هـەردوو مانگی ئادارو نیسـاندا، نایەنە سـەر کار. گونجاوترین کات پاییزە.

بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار زۆر سەفەر دەکەن، زۆر لە نووسینگەکانیان دوور دەکەونەوە. بۆیە پێویستە، لە کۆبوونەوەدا لەگەڵ ئەو کەسەی کاری لەگەڵدا دەکەیت، باسی هەموو ئەو شتانە بکە کە دەتەوێ بیانخەیتە ڕوو یان یەکلایان بکەیتەوە. پێشنیازیش دەکەم پێشتر و بەر لە وادەی کۆبوونەوەکەتان بە ماوەیەکی گونجاو، ئەو خالانە ڕەوانە بکە، کە دەتەوێ لەو کۆبوونەوەیەدا . باسیان بکەیت.

فەرمانگەی فەرمی و حکوومی بە کات و بە ڕێکی و سیستەمێک کار دەکەن، کە بەبەراورد لەگەڵ ولاتانی عەرەب، مایەی سەرسوڕمان و ئیرەیی پێبردنە. لە گەورەترین وەزارەتەوە بیگرە تا دەگاتە کاتی گەیشتن و دەرچوونی پاسی گواستنەوەو میترۆ و هی دیکەش، کە سەر بە دەسەلاتی حکوومەتن.

بۆ تەواوکردنی هەر مامەڵەیەک، ڕێسا وایە کە تۆ دەبێ چاوەڕوان بیت، دوای ئەو کەسەی بەر لە تۆ هاتووە، یەکسەر نۆرەی تۆ دێت، نەک لە پاش ئەوانەی دوای تۆ هاتوون، کە هەرچییەک بێت پلەو پایەیان، یان دۆست و ناسیاوی بەرپرسەکە بن یان نەبن.

مۆڵەتی سالانە بەلای ئەڵمانەوە شتێکی پیرۆزە. بە درێژایی هەفتە کار دەکەن، بۆ ئەوەی لە کۆتایی هەفتەدا چێژو ئیسراحەت لە پشووی هەفتەکە وەربگرن. بە درێژایی ساڵیش کار دەکەن، بۆ ئەوەی مۆڵەتی سالانەی خۆیان، ئەگەر لەوپەڕی دنیاش بێت، لە هیندستان یان چین یان جەنگەڵ و بێشەکانی ئەفریقادا بێت، بەسەر بەرن. لەگەڵ کۆتایی هاتنی دوایین مۆڵەتی سالانەی خۆیدا، ئەڵمان یەکسەر پلان بۆ مۆڵەتی سالانەی داهاتوویان دادەڕێژن.

بەشی نۆیەم

## وڵاتی لیست و فۆرم

برادەرێکی ئەڵمانم بە بێزارییەوە دەربارەی بیروکراسیی وڵاتەکەی خۆی قسەی بۆم کرد. بەوە سەرسام بوو، کە ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە لە ئەڵمانیا (کە لە ئاستی جیهاندا چالاکترین ڕێکخراوی بوارەکەن)، ڕەخنە لە بیروکراسیی بەکارهێنانی کاغەز ناگرن. سەرسامیش بوو کە شۆڕشی کۆمپیوتەر لە جیهاندا، کۆتایی بە کاغەز نەهێناوە یان کەمی نەکردووەتەوە. دووپاتی کردەوە، کە کارەکە بە پێچەوانەی ئەو مەزندەیە کەوتەوە.

ئەو برادەرەی قسەی بۆم دەکرد، فۆرمێکی لە بەردەمدا بوو، خەریکی پڕکردنەوەی بوو بۆ بەشێکی دیکەی ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکرد، بۆ ئەوەی هەندێ پێداویستی کاری نووسینگە (قەڵەم و کاغەزی سپی)ی پێ بدرێت.

بەبێ کاغەزو فۆرم و ڕەزامەندی و مۆرو واژۆ، ناتوانی نە هیچ کارێ تەواو بکەیت و نە هیچ مامەڵەیەک بە ئاکام بگەیەنیت! ئەمەش کارێکی سەیر نییە بۆ زۆربەی فەرمانگە فەرمییەکانی زۆربەی وڵاتانی عەرەب. بەڵام لە دەزگاکانی ئەهلی و تایبەتدا، لە وڵاتی ئێمە بە هەمان شێوەی ئەڵمانیا، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە.

ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت و ناشتوانی ڕاڤەی بکەیت، کە ئەم زلهێزە ئابوورییە چۆن بەم پێگە شایستەیەی خۆی گەیشتووە لەسەر ئاستی جیهاندا، وێڕای ئەوەی بە گەلێ جۆرە ڕەزامەندی و فۆرم و بیروکراسییەوە بەندە، کە لە بەڕێوەبەرایەتی و بەشە جیاجیاکانی هەر تاکە دەزگایەکیدا باوە.



بەشی دەیەم

## پاراستنی سروشت و ژینگە

خەم و خولیا و قسە و ڕەفتاریان لە بەشی هەرە زۆری هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا، بە دەوری پاراستنی ژینگەو خەڵات و بەراتی سروشتدا دەسووڕێتەوە. ئەڵمان بێ ماندوو بوون، لە هەوڵ و تێکۆشاندان بۆ گەیشتن بە شێوازێک، کە بەگوێرەی ئەو بتوانن ژینگە بپارێزن. لەو بڕوایەدا نیم هیچ گەلێکی دیکەی جیهان هەبێت، هێندەی ئەوان بایەخ بە پاراستن و پاک ڕاگرتنی ژینگە بدات. ئەم بایەخدانە لە هەموو کار و چالاکییەکی ڕۆژانەیاندا خۆی دەنوێنێ، چ لە ماڵ یان نووسینگە، یان قوتابخانە، یان شەقام و هەر شوێنێکی دیکە بێت.

**جگەرەکێشان:** ئەگەر جگەرەکێش بیت، ئەوە لە ئەڵمانیادا گیرۆدە دەبیت. شوێنی زۆر کەم و دیاریکراو هەن بۆ جگەرەکێشان لە ئەڵمانیا، نەمازە ئەگەر لەگەڵ کەونە جگەرەکێشێکی ئەڵماندا بیت. ئیدی چەندین وانەت دەربارەی زیانی جگەرەکێشان پێ دەڵێت، کە کار لە تەندروستیت دەکات، تا کار دەگاتە ئەو ڕادەیەی، کە تۆ جگەرە دەکێشی بۆ ئەوەی زیان بە تەندروستیی ئەو بگەیەنیت!

لە زۆربەی یان هەموو فەرمانگەو نووسینگەکانی حکومەت و کۆمپانیاگەلی تایبەتدا، تەنانەت لە کوورەی ئاسن و پۆڵاشدا،

جگەرەکێشان قەدەغەیە.

لە دەرودەشتدا، دەتوانی جگەرە بکێشی، واتە لە جادەو شەقامدا. ئاشکرایە هەڵکردن لەگەڵ کەشی ساردو بەستەڵەکەدا، ئەو باجەیە کە هەردەم دەبێ لە کاتی جگەرەکێشاندا لە ئەڵمانیا بیدەیت. لە چێشتخانەدا، هەرچەندە لەگەڵ کەسێکی جگەرەنەکێشیشدا بیت، تۆ هەر گیرۆدەی. وەک ئاشکرایە، لە چێشتخانەدا شوێنێکی تایبەت بە جگەرەکێشان هەیە، واش باوە هەردەم ئەو شوێنە لە نزیکی ئاودەستدا دەبێت.

**زبڵ و دووبارە دروستکردنەوە**: کەس ناتوانێ لە بواری پاراستنی ژینگەدا لاف لێ بدات، کاتێک مەسەلەکە بەراورد کردنی ئەڵمانیا بێت لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهاندا. پرۆسەکە دووبارە دروستکردنەوە و بەکارهێنانی ئەو شتانەش دەگرێتەوە، کە پێشتر بەکارت هێناون. وەک کاغەزو ڕۆژنامە، کە دەکرێنە زەرفی کاغەز بۆ بردنەوەی ئەو شتانەی لە بازاڕدا دەیانکڕیت، هەروەها پلاستیک و کیسی نایلۆن، شووشەو شتی دیکەش.

لە شەقامدا ( لە زۆربەی ماڵانیشدا) بەرمیلی زبڵ بەشێوەو ڕەنگی جیاجیا دەبینی. هەر یەکەیان پێت دەڵێ چ جۆرە زبڵ و پاشماوەیەکی تێ فڕێ بدەین. واتە بەرمیلی تایبەت بە کاغەزو، تایبەت بە پلاستیک و، تایبەت بە شووشە هەن. ئەڵمان پابەندن بەوەی زبڵ و پاشماوەی ماڵانیان، وەک کە پێویستە، لە یەکدی جیا بکەنەوە. لە پێناو ئەوەی دووبارە دروست بکرێنەوە و بەکار بهێندرێنەوە.

ئەو هۆشیارییە جێی سەرنجە کە ئەڵمان بەرامبەر بە بەکارهێنانی کاغەزی دووبارە هەیانە، وەک کیسە کاغەزێ کە دەکرێ دووبارە

دروست بکرێتـــەوە. گـــەلێ جـــار دەبینی، زەرفی ئەو نامـــەیەی لە ئەڵمانیاوە بۆت هاتووە، نیشانەی (ماددەیەکی دووبارەیە)ی لەسەرە.

ڕۆژانە ئەزمـوون و تاقیکردنەوە دەکرێت. فـەرمانگەی تایبـەتیش هـەن کـە هـەمـوو ئەو چاوگـانەی سـروشت، کـە بەدۆسـتی ژینگە ناسـراون، دەخرێنە بەر ئەزمـوونەوە، وەک وزەی خـۆر (کە بەراورد بە وڵاتی ئێمـە لە ئـەڵمــانیــا هـەر نیـیــە)، ئاو و، با، بۆ ئەوەی وەک سـووتەمــەنی بۆ ئۆتۆمبیل یان ڕووناککردنەوەی شەقام و شتی دیکە بەکاری بهێنن.

ئەزمـوونەکـانیـان بێ پسـانـەوەن، ڕۆژانە بەرهـەمی تازە لـە نموونەی شووشەی لە کێشدا کەم دەبینی، لە ماددەی تایبەت پێک دێت، کە بوار دەدات ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لە شـووشەی ئاسایی، تیـشکی خۆر بچێتە ژوورێ، هـەروەهـا شـــتی تازە لـەم شـــووشـــەیەدا ئـەوەیە، بە ئـاســـانی ناشکێت.. لە بـەرامـبـەردا نرخەکـەی گرانترە، نـەک هـەر لەبەرئەوەی لە ئەڵمـانیـا دروست کراوە، بەڵکو لەبەرئەوەیە هـەر دەمـێنێ و دەمـێنێ، بە میراتیش بۆ ڕۆڵەی ڕۆڵەکانت دەمێنێتەوە!

ئەڵمـانیـا گـەورەترین وڵاتی دنیـایە لە بواری بەکارهـێنانی پەروانە بۆ بەرهـەمـهـێنانی وزە لـە با. دەشـبـینی کـە بەشـێـوەیەکی سـەرنجڕاکێش ڕوو لە زیادبوونە.





بەم دواییـیـانە بۆ ئامـادەبـوون لە کـۆنگرەیـەکـدا چوومـە ئەڵمـانیـا. ڕێکخـەرانی کۆنگرە وایان بە لاوە پەسند بوو، کۆبـوونەوەکانی کۆنگرە لە هـۆڵێکی دەرەوەی شـار لـە نێـو گـوندەکـانی ئەڵمـانیـادا بن. لە پرۆگرامی کۆنگرەدا بوو، کە دانە ڕۆژێک لە نیوەڕۆ بەدواوە، پیاسەیەک بە دارستانێکی نزیکدا بکەین.

جێی سەرنج بوو، لە نێو دارستانـەکەدا هێماو ئاگاداری هـەبوون، کە ئەم توولـە ڕێیـە ئەسـپی پێـدا دەڕوات. تـابلۆیەکی گـەورەش هـەبوو، بە درێژی باسی هەر دارێکی ئەو دارستانەو ژیانی ئەوانی دەکرد.

تەنانەت کـاتێ ئاگر دارسـتـانەکەی داگرت، وێنەیەکی لا و نادیار، بۆ ئەو دارە گیـراوە، کـە بەرامـبـەر بە ئاگرەکـە خـۆی ڕاگرت. ڕاڤـەیەکی وردو دوورو درێژ ڕەنگە تۆ هێندە بەو وردییـە پێـویسـتـت پێی نـەبێت، دەربارەی کـاریگـەریی ئەو ئـاگـرە بـەسـەر دارەکـەوە، هـەروەهـا چۆن دووبارە ژیـانی وەبـەر هاتەوە نـووسـراوە. هـەڵبـەت مـەبەسـتی هەرە گرینگ ئەوەیە، کە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت نوێ بکرێتەوە.


تکایە هێمنی
بپارێزن
دارێک لە گەشەکردندایە


بەشی یازدەهەم

## پێوەندی و گواستنەوە

وەک هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو لە بواری تەکنەلۆجیادا، ئەڵمانیا لە بواری پێوەندیدا چالاکە.

ئاگادار بە، پێوەندیکردن بە دەرەوەی ئاڵمانیا، واتە پێوەندیی نێودەوڵەتی، لە هی دیکە گرانترە، بۆیە لە تەلەفۆنداو بەتایبەتی لە تەلەفۆنی خانەخوێیەکدا، هێندە درێژەی مەدەرێ.

لە کارەکانتدا، لە پاش هەر تەلەفۆنکردنێک، ئەڵمان سوورن لەسەر دووپاتکردنەوەی ئەو شتانەی زارەکی لەسەری ڕێککەوتوون. هەروەها ئەوان سوورن لەسەر دووپاتکردنەوەی گرینگترین خاڵەکانی قسەکردنەکەتان. بۆ نموونە نامەیەکت بۆ دەنێرێ و بەمە دەست پێ دەکات: دوابەدوای ئەو قسانەی بە تەلەفۆن کردمان... یان بەپێی ئەوەی سەر لە بەیانیی ڕۆژی ١٤/١٢/٢٠٠٠ بە تەلەفۆن لەسەری ڕێککەوتین. ئیدی ڕێنوێنیت دەکەم، کە تۆش نامەیەک بنێرە، بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو شتانەی لە ڕوانگەی تۆوە پێویستییان بە دووپاتکردنەوە هەیە، وەک کاتی ئێواران یان کۆتایی هەفتەو لە جەژنەکاندا. لەم کاتانەدا نرخی پێوەندیی نێو دەوڵەتی گەلێ هەرزانترە لە پێوەندیکردن لە ڕۆژانی کارکردندا. ئەم مەسەلەیەش بە ئاشکرا باس ناکرێت، یان


لەپاش
سەعات بیستدا
بەنیوە قیمەت

لەبەرئەوەی ئاساییيە، هەر بەشێوەیەکی لەخۆڕا بەڕێوە دەچێت. بۆیە پێویستە لە ئان و ساتی ئەو کاتانە بپرسیت، چونکە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی، جیاوازە.

پێوەندیکردن لە ژووری هوتێلەکەتەوە، ئەم تەعریفەی هەرزان کردنە ناگرێتەوە.

## هاتوچۆی سەر ڕێگاوبان

**پیادە:** شوێنی تایبەت بۆ پەڕینەوەی پیادە هەیە، کە بەسەلامەتی دەتگەیەنێتە ئەوبەری شەقام. هەروەها نیشانەی تایبەت بە پیادەش هەیە، ئەگەر بەگوێرەی ئەوان ڕەفتار نەکەیت، ئەوا ژیان و مەرگی خۆت دەخەیتە ئەستۆی خۆتەوە. ئۆتۆمبیلی سەر شەقام کە چرای سەوزی بۆ هەڵدەبێ، نە ڕادەوەستێ و نە هێواشی دەکاتەوە، ئەگەر دیتی تۆ یاسا شکێنی دەکەیت، خۆ ئەگەر ناچاریش بوو لە پێناوی ئەوەی نەتشێلێ، هێواشی بکاتەوە، ئیدی دەبینی شوفێرەکە بە زمانێ دەدوێ، کە تا ماوەیەک بۆ زمانی شوفێرانی هەندێ لە وڵاتانی ئێمەت دەگێڕێتەوە!

یان ڕەنگە پۆلیسێک کە لەوبەرەی بۆی دەپەڕیتەوە چاوەڕوانتە، موحازەرەیەکی دووروودرێژت بۆ دادەدات. یان ڕەنگە پیرەمێردێک چەند قسەیەکت دەربارەی بنەماکانی ژیان بەرگوێ بدات، کە کۆمەڵ دەگرێتەوە و ڕەنگدانەوەی ئەم سەرکێشییەی تۆ بەسەر منداڵانەوە... هتد.

تەنانەت ئەگەر کات لە پاش نیوە شەویش بوو، کە ڕەنگە ڕێگاوبان چۆڵ بێت و نە ئۆتۆمبیل و نە ڕێبوارانیشی لێ بێت، یان ڕەنگە


هەی بەدفەڕ تۆ کار لە دەروون و
ئایندەی منداڵەکانمان
دەکەیت
ڕۆڵە تەماشا
مەکە

ڕێیــەکی لاوەکی بێت لە لاپەڕی شــارێک یان لە گــوندێکدا، دەبینی شوفێران لە ئاست چرای سووردا دەوەستن (وەک هەموومان دەزانین!) ، بۆ ئەوەی ســەوز بێت و بڕۆن. ئەمــەش نەک هەر لەبەرئەوەی ڕێز لە ڕێساو سیستەم دەگرن، بەڵکو لە ترسی کامیرا و سزای زۆری دارایی.

کاتێ سەردانی وڵاتێکی تازە دەکەیت، ڕەنگە وا مەزندە بکەیت کە هەموو تەلار و شەقامەکان پێک دەچن. ئەم شتەش لە یەکەمین ڕۆژانی سەردانی ئەڵمانیادا هەستی پێ دەکەیت. لەبەرئەوەی کرێی هاتوچۆ لە ئەڵمانیادا گرانە، پێت دەڵێم پێڵاوێکی ئیسراحەت لە پێ بکە، چونکە بەپێ ڕۆیشتن، ئەگەر کات و شوێنی کار و دانیشتن و کەش بوار بدەن، باشترین ڕێگایە بۆ کات بەســەربردن و ناسینی ئەو شوێنەی لێی نیشتەجێ بووی.


یەک گرفت هەیە، ئەڵمان بوار بە سەگەکانیان، کە زۆرن، دەدەن هەر بە تەنیشتی شۆستەوە میز و گوو بکەن، خاوەن سەگەکەش لەخۆی ناگرێت ئەو پیسییە پاک بکاتەوە. ئیدی پێویستە چاوێکت لەملا و لەولای شەقام بێت و، ئەوی دیکەشیانت لە شەقام و تەلارەکان بێت، بۆ ئەوە بتوانی بە ڕێیەکەی خۆتدا بەرەو هۆتێل بگەڕێیتــەوە، چاوی سێیەمیشت، ئەگەر کرا، با لەسەر کاتژمێرەکەت بێت، نەبادا لە وادەی خۆت دوابکەویت.


ڕەنگە ئەڵمانیا تەنیا وڵات بێت لە جیهاندا، کە ڕێوبانی خێرای، ڕادەی خێرایی بۆ شوفێر دیاری ناکات، لەو ڕێوبانەدا دەتوانی بەخێرایی ٢٠٠کم لە سەعاتێکدا ئۆتۆمبیل باژۆی، ئەگەر هاوسەرەکەت یان ئۆتۆمبیلەکەت بواریان دایت.

له یه‌که‌مین سه‌رکێشییه‌کانمدا، به‌خێرایی ١٢٠کم له سه‌عاتێکدا ئۆتۆمبیلی مارسیدسم لێ ده‌خوڕی دڵیشم به هه‌مان خێرایی لێی ده‌دا... له‌پڕ ترپه‌ی دڵم دابه‌زی، کاتێ ئۆتۆمبیلێکی پورش به‌خێراییه‌کی له ڕاده‌به‌ده‌ر، تیژ به ته‌نیشتمدا تێپه‌ڕی. سه‌رسام بووم، بیرگه‌م به‌ره‌و وانه‌ی مامۆستای بیرکاری له قوتابخانه‌دا گه‌ڕاندمیه‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی خێرایی شۆفێری پورشه‌که، به به‌راورد له‌گه‌ڵ خێرایی ئۆتۆمبیله‌که‌ی خۆم، بزانم.

ئه‌م ڕووداوه له ناوه‌ڕاستی حه‌فتاکان بوو، کاتێ ئه‌وپه‌ڕی خێرایی له وڵاتی ئێمه‌دا له نێوانی هه‌شتا تا سه‌د کیلۆمه‌تر بوو له سه‌عاتێکدا.

وه‌ک زه‌وق و ڕه‌وشت و ڕێز بۆ پێگه‌و پایه‌یان له ڕێوباندا، پۆرش شای خێراییه، پاشان مارسیدس دێت، ئینجا (بی ئێم ڤی) دێت. پێشینار ده‌که‌م، کاتێ له ئاوێنه‌دا ده‌بینی ئۆتۆمبێلێکی له‌وه‌ی تۆ خێراتر و به‌رزتر له دواته‌وه‌یه، به‌پێی ئه‌و ڕیزبه‌ندییه‌ی باسم کرد، بوار






بدە با تێپەڕێت.

بەچاوی سووکیش لە ماتۆڕسواران مەڕوانە، چونکە ئەوانیش ڕێ و شوێنیان هەیە و سەرگەرمی ئەوەش دەبن، کە لە پێشبڕکێدا خۆ ڕەپێش بخەن.

**شەمەندەفەر**: بە رای من، سواربوونی شەمەندەفەر، لە ڕووی ئیسراحەت و کەم خەرجی و سەلامەتییەوە، باشترین شتە بۆ هاتن و چوون. بەبێ دواکەوتن دەتگەیەنێتە ئەو شوێنەی مەبەستتە، کە ڕێگاوبان بەیانییان و ئێواران لەوپەڕی قەرەباڵغیدا دەبێت، هەروەها لە وەرزی مۆڵەت و پشووشدا، ئۆتۆبان قەرەباڵغ دەبێت.

گەلێ جۆرە شەمەندەفەر هەن، کە گوندان بە یەکدی دەبەستنەوە، یان گوند بە شار و، شار بە شاران دەبەستنەوە. هەروەها شەمەندەفەری خێراش، گەورە شارانی وەک هامبۆرگ، بەرلین و

شارانی دی، بەبێ وەستان، بەیەکدی دەبەستنەوە... هتد.

لێرەدا ئەڵمان لە ئاستی وردی و کاتەوە، تووشی شڵەژان دێن، چونکە گەلێ جار، هاتن یان دەرچوونی شەمەندەفەر، بۆ چەند خولەکێک، دوا دەکەوێت.

هیچ دوور نییە، شەمەندەفەرێک لە کاتی دیاریکراوی خۆی دوابکەوێت. دڵنەواییشت لەوەدایە، کە بەرپرسانی وێستگەکە، پێش وەخت نەفەرەکان لەو دواکەوتنە ئاگادار دەکەنەوە. هەروەها پێشنیازی گەشتی بەدەلیش دەخەنە بەردەمیان، هەرچەندە ڕەنگە ڕێیەکی دوورتر بێت، بەڵام هەر دەیانگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

کڕینی بلیتی شەمەندەفەر، کارێکە پێویستی بە لێهاتوویی و پرسیارو بەدواداچوون هەیە. بتەوێ بە هەرزان بیکڕی، دەبێ لە نووسینگەی گەشتیاری یان بەلای کەمەوە، ڕۆژێک بەر لە گەشتەکەت، لە وێستگەی شەمەندەفەرەکەدا بیکڕی. دەتوانی بە گرانتریش، لە بلیتبڕی نێو شەمەندەفەرەکەدا بیکڕی. بلیتی وەرزانە هەیە، بلیتی چوون و گەڕانەوەش هەیە. جگە لە چەندین جۆرە بلیتی دی، کە هەر ماوە نا ماوە، بەبێ ڕێسایەکی تایبەت، گۆڕینیان بەسەردا دێت. بلیتی هەرزانتریش هەیە، کە تەنیا لە دەرەوەی ئەڵمانیا دەتوانی بیکڕی.

ڕێنوێنیت دەکەم، کە پێشتر گەشتەکەت بەرنامەڕێژ بکەیت، بۆ ئەوەی بتوانی سوود لەو گەشتەش وەربگریت، هەروەها لە سەدا پەنجای کرێی هاتن و چوونت، بە شەمەندەفەر کەم بکەیتەوە.

گەلێ جار کە لە وڵاتێکی بیانیدای، زمانەکەش بە چەشنی ئینگلیزی یان فەرەنسی، جیهانی نییە. ئیدی تۆ بەشێوەیەکی خۆڕسک هەوڵ دەدەیت، بە ڕێکوپێکی و لە کاتی دیاریکراودا، لە سەعات ٧:٤٥دا لە

شۆستەی ڕاستدا بوەستی، بۆ ئەوەی بچیتە نێو ئەو شەمەندەفەرەی لە سەعات ٧:٥٥دا دەکەوێتە ڕێ، هەروەک لە بلیتەکە و، لە نیشانەکانی وێستگەکەدا نووسراوە. واتە ٥خولەک بەر لە وادەی ڕۆیشتن ئامادەبیت، بۆ ئەوەی دوانەکەویت و نەبادا بەر لە گەیشتنت، شەمەندەفەرەکە بڕوات.

بەڵام زۆربەی کات، بەتایبەتی لە وێستگە سەرەکییەکاندا، شەمەندەفەر لە سەعات ٧:٤٧دا دێتە بەر دەمی ئەو شۆستەیەی تۆ حازر و ئامادە لەسەری وەستاوی بۆ ئەوەی سواری شەمەندەفەرەکە بیت. سەر دەکەویت بۆ ئەوەی شوێنێکی گونجاو بدۆزیتەوە لێی دابنیشی، **نا نا نا سەر مەکەوە**، ئەو شەمەندەفەرە لە سەعات ٧:٥٠ دەڕوات، تۆ وا مەزندە دەکەیت، یان دەتەوێ قەناعەت بەخۆت بهێنی، کە چەند خولەکێک بەر لە وادەی خۆی کەوتووەتە ڕێ، بە ئیزنی خواش بەر لە وادەی خۆت دەگەیتە جێ، ئەوە بزانە تۆ هەڵەی!

هەڵەش گران دەوەستێتەوە و زۆر بێزارکەرە، تۆ هەست بە هەڵە ناکەیت، تەنیا لە پاش دەرچوونی شەمەندەفەرەکە نەبێت. واتە هەر لەگەڵ دەرچووندا کاتێ ناوی ئەو شوێنەت بەر گوێ دەکەوێت کە شەمەندەفەرەکە بە ئاراستەیدا دەچێت. یان پاش ماوەیەکی زۆر لە سواربوونت لەو شەمەندەفەرەی بەرەو ڕۆژهەڵات دەچێت نەک ڕۆژئاوا، وەک تۆ تێگەیشتووی، بلیتبڕ دێتە لات.

من ڕێنوێنیت دەکەم، سەبارەت بە ئاراستەی ڕۆیشتنی شەمەندەفەرەکە، کاتێ لەوەی بەر گوێت دەکەوێت، دڵنیا نیت، وا چاکە بەراوردێک لە نێوان میلی کاتژمێری سەر شۆستەکە و، ئەو کاتەی لە بلیتەکەدا نووسراوە، بکەیت. ئەگەر نەتتوانی دڵنیابیت و لەو کارە بێ


!?
5:01.02
34
4:59
34

ئومــێــد بوویت، بپــرســـە، چاکـــتــریش وایە بـەر لە چـوونە نێـــو شـەمـەندەفەرەکەوە، بپرسیت، کە ئاخۆ ئەو شەمـەندەفـەرە بە ڕاسـتی ئەوەیە کە تۆ دەتەوێ سواری بیت.

**گـڕ دە بۆ ئەوەی دانیـشی**: بەر لە ڕۆیشـتن، کورسـی یان کابینەیەک (ئەگەر خـێزانەکەت لـەگەڵتدا بوو) گـڕ بدە. ئەگەر بۆ تەنیا یەک خولەک دواکـەویت و نەگـەیشـتییـە ئەو کـورسـییەی بـۆ خـۆت بە کرێت گرتبوو، پێت سـەیر نـەبێت کـە خـانمێک یان پـیـاوێکی زۆر چوست و ڕێکوپێک لەسەر کـورسییەکەت دانیشتبێت. بە لاپتـۆپەکەی یان کەلوپەلی دیکە، شـوێنەکـەی پڕ کـردبێتـەوە. یان خـانمێک لە نیـوەی تەمـەندایەو لەسـەر کورسـییـەکەت دانیشـتووە و، سـەرقاڵی خواردنی ژەمـە سووکـەکەیەتی، واتە کـەوتووەتە دۆخی ژیانـی ئاسـایی خـۆیەوە، وەک ئەوەی ئاگـاداری هیـچ نەبێت، هـەســـتــیش نـاکــات هـەڵەیەکی کــردووە، وێـڕای ئەوەی دەشـزانـن کـە ئەوان پێـشـتـر کـورسـییـان گـڕ نەداوە. ئەمــەش وات لـێ دەکـات، کـە تۆ هـەڵەی، یان بە تەواوی ژمـارەی کـورسـیـیـەکەی خـۆت نەزانیـوە، کـە لەسـەر بلیـتـەکەدا نووسـراوە. ڕوو لەو کـەسـە بنـێ کـە جێگاکەتی داگیر کردووە، کە جل و جـۆرکی خۆی کۆ بکاتەوە و لوتف بنـوێنـێ و مـــافی خـــۆت پـێ بـداتەوە. ڕەنگە لە کـــاتـی کـــۆکــردنەوەی شـــــتـــــەکـــــانیـــــدا، بۆڵـە بـۆڵێکی نـاڕوون بـکـات، بۆی هـەیـە لە هـۆی دواکەوتنیشت بپرسـێ! تۆ بە خەندە وەڵامی بدەوە..

لێـرەدا بەر لەوەی بچـیـتـە نێـو شـەمـەنـدەفـەرەکـەوە، هەر لـەسـەر شۆستەی وێستگەکەدا تابلۆیەک هەیە، کە بەپێی ئەو ژمارەیەی لەسەر بلیتەکەتدا نووسراوە، پێت دەڵێت لە کوێی شۆستەکەدا بوەستی کە لە کورسییەکەی تۆوە نزیکە.

ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک بێت، نەتوانی پێشتر کورسییەک بۆ خۆت گڕ بدەیت، ئیدی ڕوو بکە چێشتخانەی شەمەندەفەرەکە، لەوێدا سووکە ژەمێک لەسەر مێزێکی جواندا بخۆ، وەک ئەوەی لە هوتێلێکی پێنج ئەستێرەدا بیت.

**پاسی گشتیی گواستنەوە**: ئەمەیان لە سەرەتادا پرسێکی ئاڵۆزە، پێویستە لەسەرت لە شوێنی جوگرافیی خۆت بکۆڵیتەوە و ئاخۆ گەرەکتە بۆ کوێ بچی؟ هەروەها چۆن دەچیت و، ئاخۆ پێویست دەکات بگوازیتەوە و لە پاسێکەوە بچیتە نێو پاسێکی دی؟ هەروەها ڕۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی، چەندی تێ دەچێ؟ هەروەها لە چ ڕۆژێکی هەفتە و لە چ سەعاتێکی ڕۆژ یان شەودا، پاسەکە دێت؟ هەروەها ئەو سەعاتەی کە پاس یان میترۆ و شتی دیکەش، دەگەن و دەردەچن.

ئەگەر نەتوانی لەو نەخشە و شوێنانە بکۆڵیتەوە، کە دەتەوێ بەسەریان بکەیتەوە، ئەوە لە برادەرێکی خۆت بپرسە، تا ئەو کاتەی خۆت فێری دەبیت. یان ڕەنگە ئاسانتر بێت بەپێ بێیت و بچیت، بە تاکسی و ئۆتۆمبێلی کرێ هاتوچۆ بکەیت.

پێت سەیر نەبێت کە خانمێکی تەمەن نێوان چل تا پەنجا ساڵ، پاسێک داژوات، کە بە قەبارەو درێژی دوو هێندەی ئەو پاسانەیە کە لە شار و شەقامەکانی خۆماندا دەیبینی. ئەو خانمە قاڵ بووەتەوە، پاسەکەو سەرنشینانی هیچ مەترسییەکیان لەسەر نییە، بۆیە ناوی خوای لێ بێنە.

تۆ دەتوانی پسوولەی خۆت لە ئامێرێکی میکانیک کە لە زۆربەی وێستگەکاندا هەیە یان هەر لە شوفێرەکە بکڕیت. دەبێ پێی بڵێی کە

بۆ چ شوێنێک دەچیت، بۆ ئەوەی پێت بڵێ کرێیەکەت چەندە...

تا ئەو کاتەی پاسەکە جێ دەهێڵی، با پسوولەکەت پێ بێ. ڕەنگە پشکنەرێک بێت و داوای پسوولەکەت لێ بکات، بۆ ئەوەی لە ڕاستیی ئەو شوێن و ماوەیە دڵنیا بێت، کە لە کاتی سەرکەوتندا داوات کردووە. ڕەنگە هەموو ڕۆژێ ئەو پشکنەرە ببینی. یان ڕەنگە بە درێژایی ئەو هەفتەیە و زیاتری مانەوەت نەیبینی. هەر خۆت بە بەخت و شانسی خۆت ئاشنای!

ئەگەر بە بلیتێکی بەسەرچووەوە تۆی گرت، ئەوە ئیدی ڕێنوێنی باران و سەرزەنشت بارانت دەکات، وەها تەریقت دەکاتەوە، کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە بیری ناکەیت، هەروەها هەرچەند پاس یان میترۆیەک ببینی ئەو ڕێنوێنی و سەرزەنشتانەت وەبیر دێتەوە. پاش ئەو وانەو پەندانە، ئەوە بێگومان غەرامەیەکی یەکجار قورسیش دێت.

**تاکسی و نەخشە:** ڕەنگە تاکسی و ئۆتۆمبێلی کرێ، چ وەک کات و چ وەک ئەرک بۆ هاتوچۆ گونجاوتر بن، ئەوە ئەگەر سەردانەکەت کورت بوو. ئەو شوێنەی دەتەوێ بۆی بچیت، با کۆڵانێکی بچووک بێت و لە شەقامێکی بچووکیشەوە جیا بووبێتەوە، تۆ هەر ناونیشانەکە بدە شوفێرەکە و لێی گەڕێ. ڕەنگە لێت بپرسێ ئایا شوێنەکە پێ دەزانی؟ ئەگەر گوتت نا، ئەو نەخشەی شەقام و کۆڵانەکانی شار یان گوندەکە دەردەهێنێ، ئینجا لە پێڕستدا بەدوای ناوی کۆڵان و شەقامەکەدا دەگەڕێ.. ئیدی ئەگەر هەر پێ نەکەوت، تەلەفۆن لەگەڵ برادەرێکی یان ناوەندی کۆمپانیاکەیدا دەکات. قسە و گفتوگۆ دەربارەی کرێی گەیاندنت مەکە، چونکە تۆ نە لە قاهیرەو نە لە بەیرووتدای، پێوەرێکی ڕوون و ئاشکرا هەیە و لەگەڵ شوفێرێکیشدای، مەوداکە هەرچەند

بێت، ئەو فـێڵت لێ ناکـات. وا باوە، سـەرباری ئەو کـرێیـەی پێـوەرەکـە دیاریی دەکات، بەخشیشێک بدەیتە شوفێرەکە، چونکە ئەوان بەگشتی کارمەندی کۆمپانیایەکن.

شوفـێرەکە نێـر بێت یان مێ، لە گواسـتنەوەی جانتـای گەورە بۆ نـێو سندووقی تاکسییەکە، یارمەتیت دەدات، چونکە ئەمە ئەرکی ئەوە.

لە هـەندێ شـەقـامـدا، کە زۆربـەیان لە نێـو شـار یـان لە چواردەوری شـاردان، لە هێڵی لای ڕاسـتی ڕێگاکەدا، بە ڕوونی لەسـەر ئەرزەکـەدا، نووسراوە، تایبـەت بە تاکسی و ئۆتۆمـبێلی کرێ و پاسی گـواستنەوەی گشـتی. واتە ئۆتۆمـبێلـی دیکە بۆی نییـە، بـەو هێڵ و ڕێڕەوەدا بڕوات. ئەمـەش ئەرک و کـاتێکـی زۆر بۆ شـوفـێری تاکـسی دەهێڵـێتـەوە، کە بەکاتێکی کەمـتر نەفـەر بگەیەنێتە جێ و کرێیـەکی کەمـتریش بکەوێتـە ئەسـتـۆی نەفـەرەوە. وا باوە تـاکـسـی بە ئاسـانـی دەست دەکـەوێت، دەتوانی داوا لە کـارمـەندی پێشـوازی لە هوتێلەکەدا بکـەیت یان هـەر خـۆت ڕاسـتـەوخـۆ تەلەفـۆن بکەیت. هـەروەهـا لە گـۆشـەی شەقامەکانیشدا، شوێنی تایبەت بە وەستانی ئۆتۆمـبێلی کرێ هەیە. هـەر بۆیە، زەحـمـەتە کـە لەسـەر شـەقـامـێکدا بوەسـتی و ببـینی تاکسییەکی بەتاڵ بەلاتدا تێپەڕ بێت.

**پایسکیل:** لەبەرئـەوەی ئاراسـتـەی گـشـتی ئەوەیـە دەست بە وزەوە بگیرێت، سـەرباری گرانیی سووتەمەنیی ئۆتۆمبێل لە ئەڵمانیا، دەبینی گـەلێ ژن و پیـاو و منداڵ، سـەرباری سـەرمـای سـەخـتی زسـتـانی دوورودرێژ و ڕۆژانی دیکەی ناساردی ساڵ، بە پایسکیل دێن و دەچن.

وەک ئامـاژەمـان پێ دا، لە شـەقـامـدا شـوێنی تایبـەت بە ڕۆیشـتنی تاکسـی و پاس هـەیە، ئیدی لـەسـەر زۆربەی شـۆسـتـەکانی تایبـەت بە

ڕۆیشتنی پیادە، ڕێڕەوی تایبەت بە تێپەڕبوونی پایسکیل هەیە. واتە لە کـاتـی پیـاســەکـردندا، تۆ نابێ بەو ڕێڕەوانەدا بڕۆیت، بۆ ئەوەی ڕێی تێپەڕبوونیـان لێ نەگریت. ئەوەش نەک هەر لەبەر خـاتری ڕێزگرتن لە سـیـسـتـەم، بەڵکو لەبەر ئەوەش نەبادا مـنداڵێکی پایسکیل سـوار سەرزەنشتت بکات!

بەشی دوازدەهەم

# هوتێل

هوتێل بە هەموو جۆرەکانییەوە، چ ئەوانەی گەورەو ناسراون لە ئاستی جیهاندا، وەک زنجیرەی شیراتۆن یان هیلتۆن.. هتد، یان بچووکەکان. چ کۆن یان نوێ، یان ئەوانەی لە ژێر زەویدان و بەبێ پەنجەرەن، لە ئەڵمانیادا هەن.

**جێی نووستنت گرِ بدە:** پێشنیاز دەکەم، نا بەڵکو بەگەرمی ڕێنوێنیت دەکەم، کە پێشتر ژوورێک بۆ خۆت گرِ بدە، هەروەها وادەی گەیشتن و ڕۆیشتنت لە یاد بکە. چونکە زۆر زەحمەتە، لە کاتی گەیشتنت بە هەر هوتێلێک، ژوورێکی بەتاڵت دەست بکەوێت، چونکە هێندە زۆر کۆنگرە و پیشانگا هەن، هەروەها بە درێژایی ساڵ خەڵکانێک هەن لە پشوودا بن.

هەر لەگەڵ گەیشتنت، ناوی خۆت لە لای کارمەندی پێشوازیی هوتێلەکە بنووسە: ئەمە ئالوودەبوونی ئەڵمان بە پڕکردنەوەی فۆرممان وەبیر دێنێتەوە، هەر لەگەڵ گەیشتنت بە هوتێلەکە، ئەمە کارێکی پێویستە، هیچ نا لەبەر ئاسایش و بەرژەوەندی گشتی.

بۆ نموونە هوتێلی ئاسایی چوار ئەستێرە هەیە، ئەوانە زۆربەیان تازە نین. ڕەنگە ژوورەکەت لە تەلارێکی دیکەی غەیری تەلاری

سـەرەکیی هـۆتێلەکـەدا بێت. واتە کلیـل وەردەگریت و دەچیـتـە دەرێی هوتێلەکەو خۆت بە تەلارێکی دیکەی تەنیشتیدا دەکەیت، لەوێ دەچیتە ژوورەکەی خۆتەوە!

ڕەنگە بەخـتت یار بێت، ئەگـەر ئـاودەست یا گـەرمـاوی تایبـەت بە ژوورەکەی تۆ، لە ژوورێکی جیا لە ژووری سەرەکیت بێت.

وا باوە نانی بەیانی لەگەڵ کرێی ژوورەکەدایـە، بەڵام پێشـتـر بپرسـە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت. داواش مـەکە نانت بۆ بێتـە ژوورەکەت، چونکە ئەم نازە لـە دەرەوەی بازنـەی کـرێی ژوورەکــەدایە، کــە نانی بـەیانیــشـی



لەگـەڵدایـە. کـەواتە دەبێ بۆ خـواردنی ئەو ژەمـە نـانەی بەیانی، بـەپێی شوێنی جوگرافیی ژوورەکەت، یان سەرکەویت یان دابەزیت. ئەویش لە کات و سـاتێکی دیاریکراودا. وا باوە لە شـەش یان حـەوتی بەیانییـەوە تا سـەعات دە. پاش ئەوە هیچ نامێنێ و چێشـتخـانە دادەخـرێت. لە هـوتێلی چوار ئەسـتـێـرە و خـوارتردا، ژوورەکـان زۆر بچـووکن، واتە هەندێ جار هەر لەسەر سیسەمەکەوە دەتوانی دەست ببەیت و دەرگای ژوورەکـە بکەیتـەوە! سـەرەنجـام حـاڵی دەبیت کـە هـەر گـۆشـەیەکی ژوورەکە بەشێوەیەکی وردو کردارییانە، سوودی لێ وەرگیراوە. هوتێلە کۆنەکان بەزۆری بچووکن. شارەزایی و یادەوەرێکی بەهێزی دەوێ، کە لە نووسینگەی پێشوازییەوە بتگەیەننە ژوورەکەت. بۆ ئەم مەبەستە بە داڵانی تەسکدا، سـەرەو هەوراز و بەرەو خوار تێپـەڕ دەبیت، هەروەها هێما و نیشانە و ئاماژەی جۆراوجۆر دەبینی، لە کۆتاییدا دەتگەیەنێتە ژوورەکەت.

بەشـێـوەیەکی گـشـتی، ئەندامـانی یەک خـێـزان ئەم جـۆرە هوتێلە بچووکانە هەڵدەسووڕێـنن. ڕەنگە لە ئاست کۆنیی ڕایەخی هوتێلەکە بە ژوورەکەی تۆشەوە سەرسام بیت، کە ئەوان هێندەی کۆنیی هوتێلەکە کۆنن. واتە هی پەنجا ساڵ بەر لە ئێستان.

بۆ ئـەوە وێنەیەکی ڕوونت بە دەنگەوە بخـەمـە بەرچاو: هەوڵ بدە بە هێـواشـی و هێـمنـی دەرگـای دۆڵاب یان کـانتـۆرە کـۆنەکـەی بـاپیـرت بکـەیتـەوە. ئەگـەر تا ئێـسـتـا هەر لە لات مـاوە و تـەکنەلۆجـیـای پلاستـیکتـان پێ نەگـەیشـتـبێت – ئیـدی گوێت لە جـیـڕەی داری کۆن دەبێت. ڕایەخ و کـەلوپەلی هۆتێلەکـان لەم جـۆرەیە! سـەربـاری ئەو دەنگەی لە کانتۆرەکەوە دێت، یان ئەو دەنگەی بەدەم ڕۆیشتنی تۆوە لە

عەردەکەوە دێت، ئەو ڕایەخ و کەلوپەلە مەبەستی خۆیان بەجێ دەگەیەنن!

ڕەنگە ئەم هۆتێلە و شتەکانی نێوی، بەرەو یادگاری شیرینت بگێڕنەوە، هەروەها بەرەو ئەوەی باپیرانمان چۆن دەژیان.

ئەگەر تۆ کەسێکی بەم جۆرە ڕۆمانسییت، ئیدی ترسی ناوێ و ناوی خوای لێ بێنە. هەموو هوتێلێکی لەم جۆرە، کە زۆر و زەبەندیشن، زۆر پاکن و هەموو پێداویستێکی وچاندان و تەکنەلۆجیای نوێیان تێدا دەستەبەرە. (بۆ نموونە، جێ پلاکێک بەقەد ئەو دیوارە هەرە کۆنەوەیە، کە تۆ بە تازەترین تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت دەگەیەنێت، هەر هێندە تێکەڵ بە لاپتۆپەکەتی بکەیت).

کارگوزارانی پێشوازی، هەردەم ئامادەن یارمەتی و ڕێنوێنیکردن، بۆ نەخشەیەکی بچووکی شارەکەت بدەنێ، تێیدا هوتێلەکە وەک شوێنێکی دیاری شارەکە پیشان دەدات. ئەمە بە خۆڕایی دەست دەکەوێت. کلیلی ژوورەکە وا باوە قورس بێت، کە پارچە کانزایەکی لە خۆی قورستری پێوەیە، بۆ ئەوەی زرینگەیان بێت و، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕۆیشتندا، بە مەبەست یان بێ مەبەست، لەگەڵ خۆتدا نەیبەیت. لەو هوتێلانەی بۆ خێزانن، دەروازەی سەرەکیی هوتێلەکەش کلیلێکی دەبێت، چونکە نووسینگەی پێشوازی لە سەعاتێکی دیاریکراودا کلیل دەدرێت (نۆ یان دەی ئێوارە).

## بەکرێگرتنی شوقەیەک

ڕەنگە ئەمە کارێکی بێزارکەر بێت. خانوو یان شوقە بە شێوەیەکی ڕێژەیی، دەست ناکەون، چونکە زۆر خێرا بە کرێ دەچن. واتە داوا لە

خستنە رووی زیاترە.

ڕۆژنامەی لۆکاڵ ئاگاداری دەربارەی خانووی کرێ بڵاو دەکەنەوە، زۆربەیان لە ڕۆژانی هەینی و شەممەی هەموو هەفتەیەکدا بۆ کرێ ئامادەن. ئەگەر پەنات بردە بەر نووسینگەی خانووبەرە، ئەوە بۆ پرۆژەیەکی لەم جۆرە، لە کاتی ئیمزاکردنی گرێبەستەکەدا، تەنیا کرێی مانگێ تا سێ مانگی دەوێ. خۆ ئەگەر گرێبەستێکی کرێ ئیمزا نەکەی، ئیدی پێویست ناکات هەقی نووسینگەی خانووبەرە بدەیت. گرێبەستی کرێ، چەندین مەرج و بەندو پێوەستی ئاڵۆزی تێدایە. لەوانە پڕکردنەوەی هەر کەموکوڕییەکی لە ئاکامی بەکارهێناندا ڕوو دەدات. واتە چۆنی وەردەگریت، بە هەمان شێوە دەبێ بدەیتەوە دەست خاوەنەکەی. ڕەنگە خاوەن موڵکەکە داوا بکات هەندێ پارەی بە ئەمانەت بدەیتێ بۆ چاککردنەوەی هەر کەموکوڕییەکی دروست دەبێت، بە جۆرێ کە موڵکەکە وەک کاتی هاتنی تۆی لێ بکرێتەوە. ڕەنگە ئەو پارەی ئەمانەتە لە کاتی تەواوبوونی گرێبەستەکەشدا و بەر لە ڕۆیشتنت، بتدرێتەوە. لێرەشدا ڕێنوێنیت دەکەم، کە پرس بە برادەرێک بکە. بە مەبەستی روونکردنەوەی هەر پێوەستییەکی دارایی لە گرێبەستەکەدا، سەبارەت بە چاککردنەوەی کەموکوڕییەکانی شوێنی مانەوەکەت (ئەسانسێر و پاککردنەوە و کارەبای پلیکانێ.. هتد). کاتێ ماڵێکی بێ ڕایەخ بە کرێ دەگریت، ئەوە بزانە کە بەکردەنی بەتاڵ و ڕووت و قووتە. نە دۆلاب هەیە نە کاونتەر و نە سیسەم، نە هیچ شتێکی دی، بەڵکو تەنیا دیوارو دەرگایە. ڕەنگە لە چێشتخانەی ماڵەکەشدا، تەنانەت رەفیش نەبینی. ئەگەر هەندێ ڕایەخی کرێچییەکەی پێش خۆت بینی، ئەوە داوات لێ دەکەن بیانکڕی.


ڕێنوێنیت دەکەم لێرەدا، بۆ کڕین و ئاڵوگۆڕ، کارامەیی عەرەبییانەی خۆت بەکاربهێنە.

ئەگەر پێیان گوتی هێڵی تەلەفۆنی کرێچییەکەی پێش خۆت بکڕی، هێندە دوودڵ مەبە و بیکڕە، چونکە ئەرک و کاتێکی زۆرت بۆ دەگێڕێتەوە، لە بەدەستهێنانی هێڵێکی تازەی تەلەفۆن. بەڵام لەبیرت نەچێ کە دڵنیابیت لەوەی، پسوولەی کرێی پێشووی هێڵەکە دراوە.

### لە دراوسێتیدا


مەزەندەی ئەوە بکە، کە لە سەرەتای لە نوێ نیشتەجێبوونت، واتە لە ماوەیەکی کەمی تا دەگاتە دوو ساڵ! تۆ لەژێر چاودێریدا دەبیت، تۆ لە ماڵی تازەتدا، دراوسێکان لە پشتی پەردە و لە کونی کلیلی دەرگاوە، چاودێریت دەکەن!

چاوەڕوان مەبە کە دەستەیەک لە دانیشتوانی ئەو تەلارەی تێیدا نیشتەجێی، دێن لە دەرگات دەدەن و بۆ بەخێرهێنانی جەنابتان وەک دراوسێیەکی نوێ، شیرینیت پێشکێش بکەن. ڕەنگە بۆ چەندین ساڵ لە ماڵێکدا لەگەڵ هەمان دراوسێ بژیت، بەبێ ئەوەی نە تۆ پێ بنێیتە ماڵی ئەو و، نە ئەویش ڕوو بکاتە ماڵی تۆ. هەر تەنیا بەیانیت باش و ئێوارەت باش و بزەیەکی ئاسایی... لەوان چاوەڕوان بە. تۆ دەستپێشخەر بە. ئەڵمان لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە وا ڕاهاتوون. ئەوان بەو کۆمەڵگا تایبەت و داخراوەی خۆیان قایلن و لەگەڵیدا گونجاون. هیچ پێویستییەک لەوەدا نابینن، کە لەنێو خەڵکانێکی تازە هاتووی غەوارەدا بتوێنەوە.



### تەکنەلۆجیای کردنەوەی پەنجەرە

کردنەوەی پەنجەرە پێویستی بە شارەزایی و مەشقی تایبەت هەیە. لە زۆربەی ماڵ و نووسینگەکاندا، تەنانەت ئەوانەی کە تازەشن، بەلای کەمەوە دوو شێوازی پەسند هەن تەنیا بۆ کردنەوەی پەنجەرە.



١– لەلای سەرەوە، کە تا دە یان بیست سانتیمەتر بەرز دەبێتەوە. واتە تۆ وا مەزەندە دەکەیت، کە لە سەرەوەڕا بەسەر سەرتدا بەردەبێتەوە. ئەم کەلێنە بۆ گۆڕینی هەوا، یان هاتنە ژوورەوەی هەوایە، بە ڕێژەیەکی ژێرە کۆنترۆڵ.

٢– هەروەها شێوازێکی باوی پەنجەرە کردنەوەش، لە تەنیشتەوە بەرەو ژووری هەیە. دەست بۆ دەسکی پەنجەرەکە دەبەیت و بە ئەندازەی پێویست دەیکەیتەوە.

هەندێ جار لەبەر ناشارەزاییت و لەبەر بزێویت، دەبینی عەقڵت وا دەبڕێت، کە بە هەردوو لا، بۆ سەرێ و بۆ لاتەنیشت پەنجەرەکە بکەیتەوە، تۆ وا مەزەندە دەکەیت، کە بەو کێشە قورسەی خۆیەوە بەر تەوقی سەرت دەکەوێت. بێزار مەبە... بوێر بە و مەترسە، چونکە ناکەوێت. پشت بە هێزی ماسوولکە ببەستە، هەوڵ بدە جار و دوو جار بەرەو دۆخی جارانی پاڵی بدەیت. دیسان هەوڵ بدەوە. پەنجەرە بەلای ژووریدا دەکرێتەوە، ئیدی زۆر مەنوێنە و بۆ لای دەرێ پاڵی بدەیت.

بەشی سێزدەهەم

## دەستگرتن بە وزەوە

لەو بڕوایەدام کە ئەڵمان، پێشەنگن لە دۆزینەوەی ئامێری ئەوتۆ کە بە خەرجکردنی کەمترین ڕێژەی وزە کار دەکەن. نەک هەر لەبەر ئەو ماڵدارییەی ئەڵمان پێی بە ناوبانگن، بەڵکو لەپێناو پاراستنی ژینگەو بەدەستهێنانی ئامێری هەرچی چاکتر. ئەوان جەخت دەکەنە سەر چۆنیەتی ڕاییکردن و پەرەپێدانی بواری بەکارهێنانی وزەی سروشت، وەک وزەی خۆر و پێکهاتەی ئاو و با و هی دیکە، لەو دەرامەتانەی بە خۆڕایی بۆ خەڵکی دابین دەبن.

یەکێ لە هۆیەکانی داخستنی دەرگای مالان، ئەڵمان دەڵێن، سووربوونی ئەوان دەخاتە ڕوو، لەبارەی پاشەکەوتکردن و پاراستنی وزە، ئەوە وەک هۆیەکی دیکەی بنەڕەتی (سەربari تایبەتمەندیی ماڵ)، چونکە بەداخستنی دەرگا، گەرمای ناوخۆی ژوور یان ماڵ و نووسینگە دەپارێزرێت.

### چرا و ڕووناکی

بە بڕێکی بەرنامەڕێژ لەنێو ماڵدا دابەش کراوە، هەروەها کەم بە بەراورد لەگەڵ ئەو چل چرایانەی لە ژووری مالان لە جیهانی عەرەبدا

هەڵدەواسرێن. ڕووناکی تەنیا لەو شوێنانەدا هەیە، کە پێویستە، واش لێ چاوەڕوان دەکرێت، کە هەموو ڕووناکیی ماڵ یان نووسینگەکە بکوژێنیتەوە، ئەگەر هاتوو دوایین کەس بوویت کە شوێنەکە جێ دەهێڵی. **گەرمی** بە شێوەیەک بەرنامەڕێژ کراوە، کە لە هەندێ کاتی شەودا، ڕێژەی بەکاربردنی سووتەمەنی کەم دەکاتەوە. پاشان بەپێی پرۆگرامێک کە تۆ هەڵیدەبژێری، دەست بە گەرمکردنەوەیەکی لە خۆر دەکات. ئەڵمان لەماڵەکانیاندا، گەرمکردنەوەی ماڵەکانیان بەرنامەڕێژ دەکەن. بۆ نموونە لە سەعات پێنجی ئێوارەوە تا نیوەشەو. پاشان جارێکی دی لە پێنجەوە تا هەشتی بەیانی، چونکە کاتەکانی دیکەی ڕۆژ، تۆ یان لەنێو جێدای یان لە دەرەوەی ماڵدای.

وا باوە سویچی گڵۆپ ڕووناکییەکی سووری زۆر کزی پێوەیە، بۆ ئەوەی لە تاریک و نووتەکی شەودا، بۆ گەیشتن بەو سویچە ڕێنوێنیت بکات، کە هەر لەگەڵ ئەوەی پەنجەی دەگەیەنیتێ، ژوور ڕووناک دەبێتەوە و ڕەنگی سووری ئەو نامێنێ، هەروەها لەگەڵ کوژاندنەوەی چرای ژوورەکە، ئەو پێ دەبێتەوە.

**ئاوی گەرم**: وا باوە لەگەڵ ئەوەی بەکاری دەهێنی، یەکسەر ئاوەکە گەرم دەبێت، واتە لەگەڵ کردنەوەی بەلووعەی ئاوی گەرمدا. لەنێو گەرماویشدا، تانکییەک ئاوی گەرم هەیە، بەشی یەک جارت دەکات. ئەگەر لەو کەسانە بوویت کە حەز دەکەن تا ماوەیەکی زۆر لەبەر ئاودابن. ڕێنوێنیت دەکەم کە بە شوشتنی دەموچاوت و لابردنی کەفە سابوونی سەری، سرووتەکەت دەست پێ بکەیت، نەبادا ناچاربیت بەپەلە دەرپەڕیت، چونکە تا دە خولەک یان زیاتر، ئاوی گەرمت لێ دەبڕێت، تا سەرلەنوێ ئاوی دیکە گەرم دەبێتەوە.

له هـاوینـدا، چاوەڕوان مـــەبە کـــۆندێشنـی هەوای ســـاردت دەست بکەوێت، چونکە لە ئەڵمـانیادا هـەر تەنیـا لە نووسـینگەو کۆمـپانیاکـاندا هـەیە. ئەویش بەهـۆی ئـەوەی، هـەر تەنیـا بۆ چەند ڕۆژێکی کـەمی هـاوین پێویستە.

لە هـەموو حـاڵەتێکدا، سـەبارەت گـەرمیی بەرنامـەڕێژ و، ئاوی گەرم و هـەوای فـــێنک لـە هـاویـنـدا، چـاوەڕوانی حـــاڵیـــبـــوون یان دەست پێشخـەرییەک مەکە لە لایەن خاوەنی ئەو شوێنەی بە کرێت گرتووە، کە گـوایە کـاتی گـەرمکردنـەوە، یان ئەو ئاوەی ســەنتــەرالانە بـۆت دابین دەکـرێت، زیاد بکرێت. ئـەگـەر نەتتـوانی خـۆت بگونجـێنی، ئەوە ئیـدی دەستەبەرکردنی ئەو شتانە بگرە ئەستۆی خۆت.

بەشی چواردەهەم

## هەست و سۆز... منداڵ و ئاژەڵ

بە دووری مەزانە، کە لە بارێکدا یان لاڕێدا، پیاوێک ببینی کە بەدەم بیرە خواردنەوەوە، دەربارەی خوا و جیهان، قسە لەگەڵ پەرداخەکەیدا بکات، هەروەها دەربارەی واتای ژیان و ڕۆح فەلسەفییانە بدوێ. هەڵبەت لە کۆتاییدا، ئێرە وڵاتێکە گۆتەو بیتهۆڤن و باخ و هی دیکە... تا دەگەینە ئینشتاینی هێناوەتە بەرهەم.

سەبارەت بە جیهانی دەرەوە، بۆچوون وایە، کە ئەڵمان گەلێکی کردەیەو بۆ کاری خۆی دڵسۆزە، هەروەها بۆ بەرهەمی خۆی (لە ئەڵمانیا دروست کراوە) نەژادپەرستە. سەرەنجام ڕەنگە بەو ئاکامە بگەیت، کە ژیانی ئەڵمانێک هیچ تام و چێژو خرۆشان و ڕۆمانسییەتی تێدا نییە، بەڵکو هاتووەتە دنیاوە تەنیا بۆ ئەوەی کار بکات و بەرهەمی هەبێت. کەسانێکی زۆ کەم لە ئێمە، هەست و فەلسەفەی ئەوان دەبینێ و قسەشیان لەبارەوە دەکات، یان هەوڵێک دەدات بۆ بینینی لایەنەکەی دیکەی ئەم نەژادە... کەواتە ئەم قسەیە، بۆچوونێکی ورد نییە.

باڵکێش ئەوەیە کە خودی ئەڵمان باوەڕیان وایە، کە ئەوان تا سەر ئێسک ڕۆمانسین. بەڵام سیستەم و ڕێکوپێکی کۆمەڵگاکەیان، وێنەیەکی وا دەداتە ئەوانەی دێنە لایان، کە ئەڵمان بەو جۆرەن کە

باسمان کرد، چونکە مرۆڤ یەکەمین سەرنجێ کە وەریدەگرێت، لە مێشکیدا چەسپ دەبێت. هەڵبەت کاتێ لە کۆت و بەندی ژیانی کردارەکییان، واتە لە کاتی کار یان خوێندن دەردەچن، ئیدی لێشاوێک هەستی ڕۆمانسی دەخەنە ڕوو.. بەڵام ڕۆمانسییەکی کردارییانە!

سەیر ئەوەیەو ڕەنگە مرۆڤ بە زەحمەت باوەڕ بکات، کە ئەڵمان عاشقی ئاژەڵن بەتایبەتی ئەوانەی ماڵین، بایەخدانیشیان بە ئاژەڵ ڕەنگە بگاتە ئاستی بایەخدانیان بە منداڵانیان و بگرە زیاتریش!

**بۆ نموونە:** ئەگەر منداڵ لە کاتی نەگونجاودا یان لە کاتی پشوودانددا، یان لە شوێنێکی گشتیی وەک فرۆشگا یان سوپەرمارکێتێکدا، دەستی بە گریان کرد، ئیدی کاردانەوەی خەڵکی لەو شوێنانەدا مەرج نییە لەگەڵ ئەو منداڵە چەتوونەدا هاوسۆز بێت!

بەڵکو بەو جۆرە تەماشای منداڵەکەو ئەوەی لە باوەشیشی گرتووە دەکەن، کە بێدەنگ و ژیری بکاتەوە.

بەڵام ئەگەر ئاژەڵێکی ماڵی هەمان شت بکات، وەختە بڵێم بۆی هەیە، هەر شتێکی دەخوازێ بیکات. سەگ دەوەڕێ و دەیکاتە هەرا، خەڵکی ڕادەوەستن و تەماشای دەکەن، بەڵام بە بێزارییەکی کەمتر لەوەی ئەگەر منداڵێکی چەتوون هاوارو گریانی بکردایە. هەندێ لەو خەڵکە لە سەگەکە نزیک دەبنەوە و دەستی بەسەردا دێنن و گەمەشی لەگەڵدا دەکەن!

ئاژەڵ دەتوانێ میز بە دار و درەختدا بکات یان لەسەر شۆستەدا پیسایی و پاشەڕۆ و گوو بکات، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی بسڵەمێتەوە یان ڕێی لێ بگرێت، زۆربەی جاریش خەڵکانی دیکەی ڕاگوزەریش دەرهەق بەم کارە، هیچ کاردانەوەیەک نانوێنن، بەمەرجێ خاوەن

ئاژەڵەکە، بەشی هەرە زۆری پیسی و پاشەڕۆیەکە هەڵبگرێتەوە.

هەرچی منداڵە، کارێکی پەسندە خەڵک بیانبینێ، بەڵام خۆش نییە گوێیان لە دەنگیان بێت. منداڵیش هێشتا شیرەخۆرەیە، گەر کرا فێر دەکرێت هەر بۆ خۆی دەست بە ئاو بگەیەنێت.

سەرسام مەبەو بەلاتەوە سەیر نەبێت، ئەگەر سەگێ یان زیاترت لەگەڵ خاوەنەکانیاندا لە چێشتخانەدا دیت، کە لەژێر مێزی نانخواردنەکە، یان لە تەنیشت کورسیی خاوەنەکەی یان لەبەر دەرگای چێشتخانەکەدا وەرکەوتووە.. سەبارەت بە منداڵیش، نەمازە ئەوانەی شیرەخۆرەن، ئەوە هاتنیان بۆ چێشتخانە پەسند نییە، نەبادا کەشی نێو چێشتخانە پیسیان بکات، یان مشتەرییان نارەحەت بکەن.

باڵکێش ئەو ڕێنوێنییانەیە کە بۆ خاوەن سەگەکان نووسراون، پێیان دەڵێ کە تا چەند دەتوانن لەگەڵ سەگەکانیاندا لە چێشتخانەدا بمێننەوە، هەروەها چۆنیەتی بایەخدان بە حاڵەتی دەروونیی سەگەکانیان.

بەشی پازدەهەم

## نیگەرانی

ئەڵمـــان و نیگەرانی دوو ڕووی دراوێکن. ئەڵمـــان زۆر پەرۆشی تەندروستیی خۆیانن، بە هەمان شێوە پەرۆشی ژینگەو، دەسکەوتی سەر خاکی خۆیان و دارستانەکانیانن. بگرە پەرۆشی هەر هەموو شتێکن، ڕەنگە لە ڕووی نیگەرانییەوە، یەکەمی سەر ئاستی جیهان بن. ئاساییە کە لەگەڵ ئەو نیگەرانییەدا، زۆربەی کات پلانێ یان زیاتر لە پلانێکی بەدیلیان هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی هێورکردنەوەی دەروونیـــان، یان چارەســـەرێک بێت بۆ کـــەمکردنەوەی ڕێژەی نیگەرانییان. بەڵام مەرج نییە هەموو کات دنیا بە کەیف و ماشای ئەڵمان بێت، چونکە کارەسات، بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت، دێتە کایەوە. خەمی هەرە گەورەی ئەوان، هەمیشە هاتنی ئەو کارەساتانەیە، کە کار لە سیستەمی ژیانیان دەکات و ناڕەحەتیان دەکات.

**ئابووری:** کەس نکووڵی لەو هێزە زەبەلاحە ئابوورییە ناکات، کە ئەڵمـــانیای ڕۆژاوای بەر لە یەکگرتنەوەی لەگەڵ بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا، هەیبوو. ئیدی ئەوان بە شێوەیەکی فراوان سەبارەت بەو ئابوورییە، نیگەرانن، هەروەها ئەوان ئەو سەردەمە ئابوورییەشیان لە


بۆ بەرکارهێنان لە
وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی
ناڤین و ئەمریکای لاتینی
بۆ بەکارهێنان
لە وڵاتانی ژێر
هێڵی یەکسانی

بیرناچێتەوە، کە لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا جیهانی تەنییەوە، هەروەها گەورەترین زیانی بە ئابووریی ئەڵمانیا گەیاند. بەم جۆرە هەر هەواڵێک یان ئەگەرە هەواڵێک دەربارەی هەڵاوسانێک لە ئابوورییاندا، یان ئەوەی ئابووریی ئەوان گەشەیەکی سست بەخۆوە دەبینێ، ئەم شتانە شەوانی نیگەرانییان درێژ دەکاتەوە. دەشڵێن هەرە پەرەسەندنێکی ئەم بوارە، ڕق و کینەی دەرەکیی لە پشتە.

ئەم نیگەرانییەی ئەوان لە لای هەموو جیهان مایەی سەرسوڕمانە، نەک هەر لە لای جیهانی عەرەب. ئەو سەرسامی و سەرسوڕمانە لە ئاستی ئەو نیگەرانییە، لە ڕوانگەی جیهانی دەرەکییەوە، پاساوێکی نییە، چونکە ئەڵمان:

– بەرزترین داهاتی تاکە کەسیان لەسەر ئاستی جیهاندا هەیە.

– تاکە کەس گەورەترین سوودی کۆمەڵایەتیی بۆ دابینە. وێڕای ئەوە، ئەوان لەو بڕوایەدان کە کۆتایی ئابوورییەکان هەر فرسەخێک لێیانەوە دوورە، واتە بەپێی ڕاپرسیی ئەوان، پاش نزیکەی پەنجا ساڵ بەو کارەساتە دەگەن. ئەم بڕوایە نیگەرانییەکەیان دەکاتە ئەندامێک لە ئەندامانی خێزانەکەیان، دەشبێتە یاوەری ژیانی ڕۆژانەشیان.

**نیگەرانی لە ئاستی تەندروستیدا**

سەبارەت بە تەندروستیی خۆیان، ترس و نیگەرانیی ئەڵمان دەگاتە ئاستی تۆقین. لەوە دەترسن تووشی هەر نەخۆشییەک ببن، زیاد لە پێویستیش خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر نەخۆشییەک ئامادە دەکەن. ترسی گەورەش لەو نەخۆشییانەیە، کە لەنێو کۆمەڵ یان شوێنی گشتیدا بڵاو دەبنەوە. لەوانە سەرێشەیەکی ئاسایی بەهۆی

گـۆڕانی کـەشـەوە، هەمـوو ئەمـانە دەچنە خـانەی بایەخ پێـدانەوە. نەخـۆشـیـیـەکی لەم جـۆرە سـادەش، وەک ئەوەی جـەڵتـەیەکی توندی دڵ بێت، هـەڵسـوکـەوتی لەگـەڵدا دەکـرێت. ئیـدی دەبینی کـاتێ ئەڵمـان تووشی سـووکە نەخـۆشـییەک یان سـەرمایـەک دەبن، مۆڵەتێکی نیـمچـە درێژی نەخۆشی وەردەگرن.

دێتـەوە بیـرم خـانمە سکرتێـری بەڕێوەبەرێکی جـێـبـەجـێکار لە دەزگایەکی ئەڵمـانیدا، بۆ مـاوەی یەک هەفـتەی تـەواو مۆڵەتی وەرگرت. بەهـانەشـی ئەوە بوو، کـە ئـەو نووسـینگەیـەی کـاری تێـدا دەکـات، مۆکێتێکی نوێی ڕاخستووە، بۆنی ئەو هێلمەی مۆکێتەکەی پێ چەسپ کراوە، سـەری دێشـێنێ. لە کاتێکدا ئەوانەی مـۆکـێـتـەکـەیان ڕاخـست، دووپاتیـان کردەوە کـە بۆنی ئەو هـێلمـەی پاش نیـوەڕۆی هـەینی (واتە بەر لە پشووی کۆتایی هەفتە) بەکاریان هێناوە، پاش یەک ڕۆژی تەواو و چواردە سـەعات و پازدە خولەک نامێنێ.

بۆ ئاگاداری ئەڵمانیا وڵاتێکی پیشەسازە، ئیدی بیهێنە بەر زەینت، کە ئەم فاکتەرە چ زێدە نیگەرانییەک دەخاتە سـەر ژینگەو خـەڵکانی ئەڵمان.

بەشی شازدەهەم


## ئەڤین پێویستە

دەبینی ئەڵمان پێویستییان بەوەیە خۆشەویست بن، ئەگەر ئەوە مومکین نەبوو، بەوە ڕازی دەبن کە مایەی ڕەزامەندی بن. هێندە بە سانایی درک بەم هەستەی ئەوان ناکەیت.

بەشێوەیەکی سەرەکی و بە تایبەت، لە لای دراوسێیانی ئەوروپایی و ڕۆژاوایی بەگشتی، بەدوای ئەم هەستەدا دەگەڕێن. ئەوەی کە لە جیهانی عەرەب و جیهانی سێیەم، بەشێوەیەکی گشتی گەرەکیانە، ئەوەیە کە هەمیشە ڕێز و ستایش بەدەست بهێنن.

نازیزمی هیتلەر سەرچاوەی ئەو گرێیەیە، چونکە سەبارەت بەم مێژووەی خۆیان، هەست بە نەنگی و عەیب و عار دەکەن. ئەگەر لە بەردەمیاندا پەیڤی هیتلەر بە زارتدا بێت، گەلێکیان بە بێزەوەرییەوە خۆیان لەوە دەپارێزن کە ناوەکەش بڵێن، هەوڵیش دەدەن بابەتەکە بگۆڕن، بۆ ئەوەی سووکیان نەکات! بۆیە نابینی ناوی ئەدۆلف لە ئەڵمانیادا باو بێت، خۆ ڕەنگە ئەو ناوەت بە هیچ شێوەیەک بەر گوێ نەکەوێت. بە بەراورد لەگەڵ نەژادپەرستییەکەی سەردەمی هیتلەریان، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەڵمان بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕاون. سەرەنجام ئەڵمان ڕقیان لە ڕەخنە دەبێتەوە، شانازی بە ئێستای

خۆیانەوە دەکەن و جەخت دەکەنە دەسکەوتەکانی دەوڵەتەکەیان، کە بە کردەنی لە ڕووی ئابوورییەوە هێزی هەرە گەورەو بەهێزە لە یەکێتیی ئەوروپادا.



بەشی حەڤدەهەم

## هەر مەبەستە و... بۆ کات و شوێنی خۆی

ئەڵمان گەلێکە ژیان و بەرنامەی خۆی بە گوێرەی هەردوو میلی گەورە و بچووکی کاتژمێر، رێک دەخات. پرۆگرامی رۆژانەیان چڕو پڕە، بەلاّم بەوردی بەرنامەرێژ کراوە، بە چەشنی ئەو زنجیرەی ئەڵقەکانی پێکەوە گرێ دراون. وا هەست دەکەیت کە یاسایەکی نەنووسراو هەیەو ، بەرنامەی ژیانی رۆژانەی ئەڵمان رێک دەخات.

- **کات:** بۆ کارکردنی رۆژانە بە درێژایی هەفتە، هەر لە دووشەممەوە تا دەگاتە هەینی.
- **کات**: ئێوارانی رۆژانی کار بۆ کڕینی پێداویستی خۆراکی رۆژانەو شتی دیکەی لەو چەشنە.
- **کات:** بۆ بایەخدان بە باخچە و شۆرینی ئوتومبیل و پڕکردنەوەی هەندێ کەموکوڕیی ماڵ لە رۆژی شەممەدا.
- **کات:** ئێواران بۆ کات بەسەربردن لە شوێنی گشتیدا، هەرکەس بە گوێرەی تەمەنی خۆی.
- **کات:** بۆ پیاسە لەنێو دارستان یان لە بازاڕی داخراودا، لە پاش نیوەڕۆی رۆژانی یەکشەممە، بۆ خواردنەوەی قاوەو شتی دیکەی هاوشێوەی.

وریابە نەبادا لە کاتی چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلەکەت لەنێو گەراجی تایبەتی ماڵەکەتدا، کە بە پوختی دەرگاکانیشی داخراون، هیچ دەنگە دەنگێک دەربچێت، یان بچی پیانۆ بژەنی، یان بزمارێک بکوتیتە قەد دیوار، یان... هتد، هەروەها لە ڕۆژانی یەکشەممە یان لە پاش سەعات هەشتی ئێوارە ( یان سەعات بیست بەکاتی ئەڵمانیا ) لە هەر ڕۆژێک لە ڕۆژانی هەفتە، گرمە گرم وهەرا نەکەیت.

بەپێی ئەو نەریتەی لە هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئێمەدا باوە، گەر شتێکی لەو جۆرەت کرد، پێت سەیر نەبێت کە وانەیەکی پڕ لە تووڕەییت لە لایەن دراوسێ خۆشەویستەکانتەوە پێ بگوترێ، کەهەردەم بۆت لە سێرەدان (لە بری ئەوەی بە سینییەک شیرینییەوە پێشوازیت لێ بکەن)، وەک ئەوەی بڵێی ئەوان چاوەڕوانی ئەو یاسا شکێنییەی تۆ بوون. دیسانە پێت سەیر نەبێت، گەر پۆلیس بگاتە بەر دەرگای ماڵەکەت بۆ ئەوەی وانەیەکی هەمان شێوەت بۆ دابدەن و سەرزەنشتت بکەن. هەروەها بەڵێننامەیەکیشت لێ وەردەگرن، کە هیچ شتێکی ماڵەکەت لە ناوەختدا چاک نەکەیتەوە. ئەگەر هاتوو وانە سوودی نەبوو، ئەوجا سەرپێچییەکەت بە هێز چارەسەر دەکەن، بۆ ئەوەی ڕێز لەو یاسا نەنووسراوە بگریت، لەپێناو ئەوەی هەمووان پیرۆزیی کاتەکانی سرووت گرتن و ئارامی ڕابگرن، کە لە ئەڵمانیادا جێی مەبەستە و بەرنامەڕێژ کراوە.

ڕۆژی یەکشەممە، وڵات بە کردەنی دەرگاکانی دادەخات. واتە تەنانەت کاری ماڵەوەش، وەک جل شۆرین و پاککردنەوەی ڕایەخ و مافوور یان پاککردنەوەی دیوی دەرەوەی جامی پەنجەرەی ماڵێ، ئەگەر هاتوو هیچ کاتێکی دیکەت نەبوو، گەر گونجا، دەبێ بە نهێنی و هێمنییەکی زۆرەوە کارەکە بکرێت.

**ڕێسا:**

لەبەرئەوەی کات و کات دانان، گرینگترین شتی ژیان و چارەنووسسازن، بۆیە ڕێزگرتن لە وادەو بەڵێن، کارێکی یەکجار گرینگە، ئەوە ئەگەر ویستت کارەکەت تەواو بکەیت. وادەی ڕاست ئەوەیە لە سەعات و خولەکی دیاریکراودا ئامادەبیت. ئەمە شتێکە سێ و دووی لەسەر نییە، خۆ ئەگەر ویستت بە دروستی لە ڕووی کات و وادەوە، بە کردەنیش ئەڵمان بیت، ئەوە دەبێ پێنج خولەک بەر لە وادەی خۆی ئامادەبیت و لە شوێنی مەبەستدا بیت!

بەشی هەژدەهەم

## ئیسراحەت و پشووش لە لای ئەڵمان پیرۆزن

کاتێ (سیستەمی) ڕۆژانە دەچەسپێ، بە هەمان وردی و بایەخەوە، ئەڵمان بەرنامەی پشوودانی خۆیان ڕەچاو دەکەن Feier Abend وەک ئەوەی ئەڵمان دەیانەوێ، لە کوردیدا دەکرێ پێی بگوترێ ئاهەنگی ئێوارە.

دوای ڕێکخستنی ماڵێ بە شۆردنی قاپ و قاچاخەوە، کاتێ گوشاری ڕۆژانەی کارو نێوماڵ تەواو دەبێت، هەروەها لە پاش تەماشاکردنی گرفتەکانی جیهان لە ڕێی تەلەفزیۆنەوە. ئەڵمان پێویستییان بە کارێکی باوی ڕۆژانەو ڕۆتینێکی پێویست هەیە، ئەویش ئەوەیە بچێتە ئامێزی چوار دیوارەوە، کە پێی دەڵێن (مەیخانەی تایبەتی خۆیان). ئیدی لەو مەیخانە تایبەتەدا، پاش هەڵدانی پیاڵەیەک یان دوو پیاڵە، پیاو ناچارە لە یەکێ لە گۆشەکانی

کەللەی سەریدا، دەرگا لەسەر خەمی ڕۆژانەی خۆی دابخات، پاشان دەست بە فەلسەفەی ژیان دەکات.

ئەڵمان بایەخ بەوە دەدەن، کە کاتی پشوودان و ئامادەکردنی شوێنی پشوودان، بەتایبەتی لەنێو ماڵدا، لە هەموو لایەنێکەوە مایەی ڕەحەتی بێت، لەو کاتەی ئیسراحەت و پشوویان دەست پێ دەکات. زۆر بە توندیش بەرهەڵستیی هەر شتێک دەکەن، کە ڕەنگە کاتی پیرۆزی ئیسراحەتیان لێ تێک بدات. ئەگەر پێویست وابوو مانەوە هەر لە ماڵدا بێت، ئەوە ژووری پشوودان، کە دەبێ تەلەفزیۆنی تێدابێت، وا باوە کە زۆربەی کەلوپەلەکەی لە داری ڕەنگ تاریک بێت، سەرباری کورسییەکی ئیسراحەت و کەلوپەلی تایبەت بە میوانیشی تێدایە. ئەڵمان لە واتای ئەوە حاڵی نابن، کە دوو ژوور هەبێت، یەکێکیان تەنیا بۆ پێشوازیکردنی میوان بێت، ئەوەی دیکەشیان بۆ تەلەفزیۆن و خێزان بێت. وا باوە کاغەزی دیوارەکان لە ڕەنگ و شێوەی جیاجیا بێت. ئەو ژوورانەو کەلوپەلیان، بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێک دادەندرێن، سەرینەکانیش بە چەشنی پاسەوانی شەرەف، بۆ پێشوازییەکی فەرمی، ڕیز دەکرێن.

بەشی نۆزدەهەم

## ژن - منداڵ و... پیاو

لە ئەڵمانیادا، ئایندەی نەژادی جەرمەن بەرەو ڕووی گرفتێکی گەورە دەبێتەوە. گرفتەکە لەوەدایە، ئەڵمان منداڵی خەڵکی دیکەیان خۆش دەوێت، واتە نەک منداڵی خۆیان. مەسەلەی ئەوەی ئارەزوو ناکەن لە یەک منداڵ یان ئەگەر پێویست بوو دوو منداڵ زیاتریان هەبێت، گەلێ هۆی لە پشتە. گرینگترینیان ئەوەیە کە ئەگەر بتەوێ کات و بایەخی تەواو بەیەک یان دوو منداڵ بدەیت، کارەکە سوودبەخشترە لەوەی لە یەک کاتدا بایەخ بە حەوت منداڵ بدەیت. دەسەڵاتی ئەڵمانیا کە هەست بەو مەترسی و هەڕەشەیەی سەر نەژادی ئەڵمان دەکات، چەند ڕێکارێکی بۆ هاندان و کارکردن گرتووەتە بەر، بۆ منداڵ بوون و زاوزێ، ڕەنگە ئەوەی ئەوان کردوویانە، باشترین ڕێوشوێنیش بێت لەسەر ئاستی جیهاندا. لێرەدا مەبەستمان سێکس نییە، چونکە بە شێوازی باوی ڕۆژاوا، ڕێی پێدراوە، توانای ئەڵمانیش لەم بارەیەوە نائاسایی نییە. بەڵام ئەو گرفتانەی بەرەو ڕووی دایک و باوک دەبنەوە، لەوەدایە کە کاتی دەوامی کارو دەوامی قوتابخانە پێکەوە ڕێک ناخرێن و لەگەڵ یەکدا ناگونجێن.

- گرفتی گەلێ گەورەتر هەن بۆ پەروەردە کردنی منداڵ. دایەنگە

واتە ئەوەی لە ئاستی جیهاندا لە ئەڵمانیا Kingdergarten ناسراوە، لە سەعات نۆی بەیانییەوە تا دوازدەی نیوەڕۆیە. کاتێ منداڵ دەگاتە تەمەنی قوتابخانە (شەش ساڵ) دیسان گرفتەکە هەر لە کاتدایە. دەوامی قوتابخانە لە هەشتی بەیانییەوە تا یەکی پاش نیوەڕۆیە. پاش تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە یان دایەنگە، ئیدی دەرگایان دادەخرێت و دەبێ کەسوکار ئاگایان لە منداڵانی خۆیان بێت.

– سەرباری سەعاتە نیمچە کەمەکانی خوێندن، بەشێوەیەکی گشتی گرفتی کەمیی مامۆستاش هەیە. ئەگەر مامۆستایەک ناچار بوو نەیەت، زۆربەی کات کەس نییە بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە. بۆیە هەندێ جار منداڵ ناچار دەبن بگەڕێنەوە ماڵێ. واتە کەسوکار دەبێ کار بەجێ بهێڵن بۆ ئەوەی چاودێریی منداڵەکانیان بکەن.

– پاش نیوەڕوان، واتە لە سەعات یەک بەدواوە، قوتابخانە نییە. هیچ چالاکییەکی قوتابخانە، بەو واتایەی لە لای ئێمە باوە ( وەرزش، دێدەوانی..هتد) نییە. سەبارەت بە ئارەزووەکانی دی، وەک میوزیک و وەرزش و شانۆ، ئەوە لە یانەی تایبەت، لە دەرەوەی چوارچێوەی چالاکی و بەرپرسایەتیی قوتابخانەدا هەن: قوتابخانە تەنیا بۆ فێرکردنە.

– ڕاگرتنی کارەکەر یان دایەن بۆ منداڵ، ئەوە لە فەرهەنگی پەروەردەی ئەڵماندا باو نییە، وەک ئەوەی لە جیهانی عەرەبدا باوە. ئەم سەڵتەنەتە بەردەست نییە، ئەگەر هەشبێت، ئەوە زۆر دەگمەنە، یان لە ماڵی باڵیۆزی وڵاتێکی عەرەبدا دەبێت. دایەنی ئەڵمان کرێیەکی یەکجار گەورە وەردەگرێت، کە دایک ناچار دەکات، دەست لە کاری خۆی بکێشێتەوە و هەر بۆ خۆی چاودێریی منداڵەکانی بکات.

پێت سەیر نەبێت کە ژنانی ئەڵمان هەموو مافێکی دەستووریی خۆیان بە یەکسانی لەگەڵ پیاو، بەدەست هێناوە. ئێمەش وا تێدەگەین کە لە کۆت و بەندی کۆمەڵایەتیی خۆی ئازاد بووە، نەخێر تا ئێستا ڕۆڵی ئافرەت لەوەدایە کە لە ماڵدا بێت بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانی و فەراهەمکردنی خۆش گوزەرانیی خێزان. مەرج نییە ژنان سەبارەت بە ڕەوشی کۆمەڵایەتیی خۆیان شادبن، چونکە لەسەریانە- هەرچەندە بە یارمەتی و بەشداریی پیاویش بێت - بایەخ بە ماڵ بدەن و خزمەتی منداڵان بکەن، سەرباری دەوام و کار. هۆی ناشادییان ئەوەیە، کە ئەو کرێیەی ژن وەریدەگرێت، لە داهاتی پیاو تێپەڕ ناکات، چ لە پۆستدا بێت یان لە کارو کاتەکەی، جیاوازییەک نییە، تەنیا بە کرێی کەمتر نەبێت! ئەمە ڕێسایەکەو لە ئەڵمانیا پەیڕەو دەکرێت، هەرچەندە نەشنووسرابێت یان لە دەقێکی یاساشدا نەهاتبێت.

لە بەرامبەردا، ئەمەش هۆیەکی جەوهەری و ناڕاستەوخۆیە، کە بەشدار دەبێت لەوەی ژن لەو بوارانەدا پێش نەکەوێت: دەوڵەت تەماح دەخاتە بەردەمی دایک و منداڵ. وێڕای ئەوە خانمێک گەیشتووەتە پلەی ڕاوێژکاری، (واتە سەرۆکی حکوومەت - وەرگێڕ)!

لە یاسادا هاتووە - بەڕاستی دەست کراوەترین و ڕێزبەخشترین یاسایە لە جیهاندا سەبارەت بە دایک - دایک بۆی هەیە شەش هەفتە مۆڵەتی بەر لە لەدایکبوون و هەشت هەفتەو زیاتریش لە پاش لەدایکبوون وەربگرێت، ئەمە تەنیا مۆڵەتی لەدایک بوونە، لەپاڵ ئەوەشدا مۆڵەتی دایکایەتیش هەیە.. لەم ماوەیەشدا تەواوی کرێی خۆی لە خاوەن کار وەردەگرێت.

ئەگەر دایک ویستی لە پاش هەشت هەفتەکەی لەدایکبوون، هەر لە ماڵدا بمێنێتەوە بۆ بایەخدان بە کۆرپەکەی. خاوەن کار هیچ کرێیەکی بۆ خەرج ناکات. لە بەرامبەردا دەوڵەت بڕە پارەیەکی بۆ خەرج دەکات (مانگانە نزیکەی ۳۰۰ دۆلاری ئەمریکی) ، ئەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ وەک یارمەتییەک لە دەوڵەتەوە بۆ دایک.

ئەگەر لە پاش ئەو سێ ساڵە دایک ئارەزووی کرد بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، خاوەن کار لەسەریەتی بە هەمان پلەی پێشووی سێ ساڵ بەر لە ئێستای بیگێڕێتەوە سەر کار.

ئەم پاڵپشتییە کە لە وڵاتانی ئێمەو زۆربەی وڵاتانی جیهانی رۆژئاوا نموونەی نییە، ژنانی ئەڵمان هان دەدات لە ماڵدا بمێننەوە و بایەخ بە منداڵانیان بدەن. چونکە ئەمە زێدە داهاتێکە بۆ خێزان. سەرباری ئەوە، ئەو باجی دەرامەتەی پێویستە سەرۆکی خێزان بیداتە دەوڵەت، هەرچەندی ئەندامانی خێزانەکە زیاتر بن، ئەو باجە کەمتر دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئامار ئاماژە بەوە دەکات، کە بەردەوام ژمارەی دایکان لە ئەڵمانیا ڕوو لە کەمییە، ساڵانە بە ڕێژەی ٥٪ کەم دەکات! ڕەنگە هەر ئەمەش بێت هۆی سەرنەکەوتنی بەرەو پۆستی دەسەڵات لە بواری بازرگانی یان گەلێ بواری پیشەسازیدا. وێڕای ئەوە لە پۆستی گرنک و هەستەوەردا، لە بواری سیاسەتدا دەیانبینی، وەک سەرۆکایەتیی پارت و،... ڕاوێژکاری. ئەوە بە بەراورد لەگەڵ نەبوونیان لە پۆستی هەستەوەر لە بواری دیکەی وەک پیشەسازی و بازرگانی و ئابووری و شتی هاوچەشن.

لە لایەکی دیکەوە، خانمی ئەڵمان کە بەشێوەیەکی گشتی بە خانمی ڕەنجدەر ناسراوە، واتە وەک شوفێری ئامێری گەورە وەک پاس و

شتی دیکە، کار دەکات. هەرچەندە داوا دەکات لەگەڵ پیاودا یەکسان بێت و ئەم یەکسانییەشی بەدەست هێناوە، ئەوە هەر چاوەڕوانی ئەوەیە وەک خانم و خاتوونێک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. واتە لە هەمان کاتدا داوا دەکات ڕێزی لێ بگیرێت و ئەو پێشینەیەی پێ بدرێت، کە لەنێو کۆمەڵگای خانەدانانەدا باوە. چاوەڕوان دەبێت دەرگای ئۆتومبیلی بۆ بکرێتەوە، هەروەها بۆ لەبەرکردنی پاڵتۆش یارمەتی بدرێت، بۆ دانیشتنیش کورسیی بۆ ڕەپێش بکرێت.

چاوەڕوانی ئەوەش دەبێت تەلەفۆنی بۆ بکرێت، نەک بە پێچەوانەوە، یان داوەتی خوانی ئێوارە بکرێت، یان شتی دیکەی لەم جۆرە.

بەشی بیستەم

## چێشتخانە، چی دەخۆی؟

دوای شـەکـەتیی ڕۆژێکی زەحـمـەت و قـەرەباڵـغ، واتە، ڕۆژێکی ئاسـایی ئەڵمـانیـا، ئەڵمان نـازی خـۆیان ڕادەگـرن و پاداشـتی خـۆیان دەکـەن، بەوەی بۆ خـواردنی نانـی ئێواره لـە چێشـتـخـانەی جـۆربـەجـۆرو فـره ناسنامەدا، دەچنە دەرێ.

هۆی هـەمـەڕەنگیی چێشـتـخـانەو فـره ناسنامـەییـیـەکـە بۆ سـەردەمی پاش دووەمین جـەنگی جیـهـان دەگـەڕێتـەوە. لە سـەرەتای پەنجاکاندا، ژمـارەیەکی زۆر لـە تورک و ئەسـپـان و ئیـتـالی لە وڵاتانی خـۆیانەوە بۆ کارکردن، بەرەو ئەڵمـانیا کۆچیان کرد. بە شێوەیـەکی خۆڕسک خێزان و کولتوورو دابونەریتی خۆیان بە شێوازی ئامادەکردنی خواردنیشەوە بۆ ئەڵمـانیـا هێنا. هـەمـوو کۆچبـەرێک ئەم کـاره دەکـات. بـەم جـۆره ئەم چێشـتخانانە پەیدا بوون، کە ژەمە خـواردن و خـۆراکی نائەڵمـانییـان پێشکێش دەکرد. لە بواری دامـەزراندنی چێشـتـخـانەدا، سـەرکـەوتنی بەرچاویـان بەدەست هێنـا. ئەوان خـۆراک و خـواردنی وڵاتی ڕەسـەنی خۆیـان پێشکێش دەکرد، کە خـواستی گۆڕانخوازی ئەڵمـانییـان بەلای خـۆیانـدا ڕاکـێـشـا. ئـەگـەر گـۆشـتـی بەرازو پێکـهـاتەکـانـی نەخـۆی، بەڕاسـتـی تووشـی گـرفـتـێکی گـەوره دەبیت. ڕەنگە داوای پارچە

گۆشـتێکی مـانگا بکەیت، ئەوەی داوات کردووە بـۆت دێت و ج ترسـی ناوێ، بەڵام ئەو قـاپە پەتاتە سـوورەوە کراوەی لەگەڵدایە، ڕەنگە لەگەڵ پارچە گۆشـتی بەرازدا بۆت بێت. ئیدی پێویسـتـە ئارەزووی خۆت ڕوون بکەیتـەوە، یان هـەوڵ بدە پتر مـاکدۆناڵدزو شـتی لەو جۆرە بخـۆیت، یان هـەر تـەنیـا سـەوزەمـەنی و شـتـی لەو جـۆرە بخـۆیت، یـان هـەر تەنیـا سەوزەمەنی بخۆ.

یاسا بەسـەر هـەموو چێشتخـانەیەکیدا سـەپاندووە، کە لیستی ناوی خـواردن و نرخـەکانیـان ڕابگەیەنێت، دانـەیەکی ئەو لیسـتـەش دەبێ لە دیوی دەرەوەی دەروازەی چێـشـتـخـانەکـەدا هـەڵبـواسـرێت، بۆ ئەوەی بەرچاوی مـشـتـەری ڕۆشن بکات، سـەبارەت بـەو خـواردنـەی بەدوایدا دەگەڕێت و نرخەکەشی، بەر لەوەی بچێتە ژوورێ.

لە زۆربەی چێشتخـانە ئاساییەکاندا، شـاگردێک بەو شێوەیەی کە دەیزانـین، لەگـەڵ وەژوور کـەوتندا نابینی، بۆ ئەوەی بەرەو مـێـزێک فەرمووت لێ بکات، هێندە چاوەڕێ مەکەو بەرەو مێزێکی بەتاڵ هەنگاو بنێ، ئیدی شاگردێک دێت و بەخێرهاتنت دەکات.

ئەگـەر شـوێنـەکـە قـەرەباڵەغ بوو، واتە هـیچ مـێـزێکی بەتـاڵ نەبوو، هـەروەهـا دیتت یەک لەسـەر مێزێکی چوار کەسی دانیشتووە، بێگومان لەوەش دڵنیـابە کە ٣ کورسـییـەکەی دی، پێ ناچێ کـەس هـەبێت گرێ دابن، کـارێکی هـەڵە نیـیـە گـەر پێی بڵـێی: یارمـەتی هـەیـە لە دەوری هەمان مێز دابنیشی، پاشان دەست بە خواردن بکەیت.

وا باوە، کـە ڕەزامـەندی هـەمـیشـە سـووکـە خـەندەیـەکی لەگـەڵدایە. وریابە لە کاتێکدا ئەو خەریکی خواردنە، نەکەی جگەرە بکێشی، لەگەڵ ئەوەی تۆ لە مێزێکی گۆشـەی جگەرەکێشـاندا دانیشـتـووی، هـەروەها

ئەوەی لەگەڵیشتدا دانیشتووە، هەر جگەرەکێشە.

شاگردەکە دێت، چاوەڕێ دەبێت کە داوای جۆرە خواردنەوەیەک بکەیت، تا فڕی بکەیت و دڵت بۆ خۆراک بکاتەوە، بەدەر لەوەی تۆ پێشتر دڵت بۆ خواردن دەچێت. بە لیستێکی ئەو خواردنەی لەبەر دەرگای چێشتخانەکەدا خوێندتەوە، لێت دێتە پێش. وا باوە ژەمێکی سێ قابی داوا بکەیت، یان بە قۆناغ (یەکەم: زەڵاتە یان سووپ، دووەم: خواردنی سەرەکی، سێیەم: شیرینی یان میوە) داوا بکە. هەروەها چاوەڕوان دەبێت کە لەگەڵ خواردنەکەدا داوای قاپێ مەی بکەیت کە بۆ ئەوەی نەبێت دڵت بۆ خواردن بکاتەوە، ئنجا قاپێک بۆ هەرسکردنی خواردن و لە کۆتاییشدا قاوەیەک!

وەک لە لای ئێمە باوە، لە خۆڕا ئاوت بۆ دانانێن. ئەگەر داواش بکەیت، لێت دەپرسێ کە ئایا حەزت لە ئاوی کانزایە یان ئاوی ئاسایی، هەر یەکەشیان بە نرخی خۆی. خۆ ئەگەر داوای ئاوی بەلووعەت کرد، بە سەرسوڕمانەوە تەماشات دەکەن، نەک هەر لەبەرئەوەی بەلاشە.

وا باوە، ئەو چێشتخانانەی ئەڵمانی نین،ماڵباتێک کە لە ژن و پیاوێک پێک هاتوون، هەڵیدەسووڕێنن. دەبینی خاوەنی چێشتخانەکە هەر خۆی شاگردییەکەش دەکات، مەیت بۆ ئامادە دەکات و بۆتی دەهێنێ، هەروەها لێت دەپرسێ چ دەخۆی و پاشان هەر خۆی پارەکەشت لێ وەردەگرێت. ژنەکەش لە نێو مەتبەخدا خواردن ئامادە دەکات و قاپەکان دەشوات، جار بە جار کە بانگ دەکات گوێت لە دەنگی دەبێت، یان زەنگێکی سووک لێ دەدات بۆ ئەوەی مێردەکەی ئاگادار بکاتەوە کە خواردنی مشتەرییەکەی ئامادە کردووە.

ڕەنگە بەپێی ئەزموون و شارەزایی، ژنەو پیاوە جێگۆڕکێ بکەن.

پێشت سەیر نەبێت کە بەتەنیا خواردنە سەرەکییەکەت بۆ بهێنێ، واتە بەر لەوەی خواردنی هاوڕێ و یاوەرەکەت بۆ بهێنێ، یان بە پێچەوانەوە. چونکە لەگەڵ ئامادەبوونی ئەو خۆراکەی کە داوا کراوە، زەنگ لێ دەدات و یەکسەر بۆ ئەو کەسە دێت کە داوای کردووە، چاوەڕێش ناکەن تا خواردنی کەسێکی دیکە ئامادە دەبێت.

ئەگەر هەڵەیەکت بینی، بۆڵەبۆڵ و بەرهەڵستی مەکە، چونکە هیچ ئاکامێکی نابێت، تەنیا مەگەر هەڵەیەکی گەورە بوو، وەک ئەوەی ماسیت لە بری کوولەکەی زەردە بۆ بهێنن. چاوەڕوان نین کە لە بەخشینی زێدە بەخشیشدا دەست کراوە بیت، بەخشیش وەک هەقە خزمەتە، ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر پسوولەکە. سەرەنجام مادام کە چاوەڕوانی بەخشیش نین لێت، تۆش چاوەڕوانی خزمەتی تایبەت و بەخێرهاتنی نائاسایی و خەندە مەکە.

**پارەدان**: ئەکەر لەگەڵ کەسێ یان زیاتر لە کەسێکدا بووی، هەر لە سەرەتاوە شاگردەکە لێتان دەپرسێ، کاتێ خواست و داواتان دەپرسێ، دەشڵێ کە ئایا هەمووی بکاتە یەک پسوولە یان هەریەکەو پسوولەی خۆی بۆ بنووسێ! پێت سەیر نەبێت و داوابکە، هەر یەکەتان بە تەنیا بێت، تەنیا مەگەر پێشتر لەگەڵ هاوڕێ ئەڵمانەکەدا ڕێکەوتبێتی، واتە بەر لەوەی بۆ نانخواردن بچن، کە ئەمە خوانێکە لەسەر شەرەفی ئەو.

**وادەی کردنەوە و داخستنی چێشتخانە:** چێشتخانەکان لە سەعات دەی شەو (سەعات ٢٢ بەکاتی ئەڵمانیا) دادەخرێن، واتە پاش ئەو سەعاتە، هیچ داوایەکی خواردن وەرناگیرێت، تەنیا مەی نەبێت،

هـەڵبـــەت دەبـێ بـەر لە نیـــوەشـــەو لـەوێش بڕۆی، چـونکە وادەی داخستنیانە. ئەم ڕێوشوێنە ڕێزگرتنە لە دراوسێکانی چێشتخانە، کە لە درەنگی شـــەودا عــەوداڵـی ئارامی دەبن. ڕەنگە لە شـــارێکەوە بۆ شـارێکی دیکەی ئەڵمـانیـا، وادەی داخـستن بەپێی یاسـاکـان بگۆڕێ. هەندێ چێشتخانەی گەورە هەن تا نیوەی شەو پێشوازی لە مشتەری دەکەن و خواردنیشیان هەیە.

لاوانی تەمـەنی خوار شـازدە سـاڵ، ئەگەر لەگەڵ کەسوکاردا نەبێت، بۆیان نییـە بچنە باڕ و دیسکۆ. ئەوانـەی لە تەمـەنی شـازدە تا هەژدە ساڵدان، ڕێیان پێ دەدرێ تا نیوەشـەو بە تەنیا بچنە ئەو شـوێنانەوە. هەڵبــەت گـەلێ لـە منداڵان پێـچــەوانـەی ئەم یاسـایـە دەجـووڵێنەوە. سـەرەنجام ئەوەی سـەبارەت بەم سـەرپێچییە تووشـی سزادان دەبێت، ئەوە ئـەگــەر پۆلیس بیـانگرێت، دایکەو بـاوکـەیە، کـە دادگـا لێـیـان دەپێچێتەوە.

بەشی بیست و یەکەم

## لە ئەڵمانیا چی دەکڕی - شت کڕین

وەک میسرییان دەڵێن، ئەوە لەبیر خۆت ببەوە کە لە ئەڵمانیا شت بکڕیت، چونکە ئەگەر هاوسەرەکەت لەگەڵدا بوو، ئەڵمانیا شوێنێکی گونجاو نییە بۆ شت کڕین. ئەڵمانیا لە ڕووی دابینکردنی تازەترین مۆدیلەوە وەک ئیتالیا نییە، لە ڕووی شۆخ و شەنگیشەوە وەک پاریس نییە. لە ئەڵمانیا دەتوانی کەلوپەلی فۆلکلۆری بکڕی، بۆ جوانکردنی ماڵەکەت و شتی دیکەی لەم جۆە بۆ یادگاری وەک ئەوەی کەشتییەکی نێو شووشە لە هامبۆرگدا بکڕیت، یان جلوبەرگی باوی شوانێک لە مێنشن، یان پەرداخە بیرەی نەخشین لە شتوتگارت. کاتی کردنەوە و داخستن فرۆشگاکانت لەبیر نەچێت لە ئەڵمانیا. فرۆشگاکان ڕۆژانە لە کاتێکی دیاریکراوی زوودا دادەخرێن. ڕۆژانی شەممەش تا سەعات دوازدەی نیوەڕۆ دەکرێنەوە، بە بەراورد بەوەی لە هەندێ وڵاتی عەرەبیدا لە دەوروبەری نیوەشەودا دادەخرێن.

زوو داخستنی فرۆشگاکان ئەو ئەڵمانانە نارەحەت دەکات کە تا سەعات حەڤدە کار دەکەن، واتە لە هەندێ شاردا تەنیا یەک سەعاتیان هەیە بۆ شت کڕین، بەر لەوەی فرۆشگاکان دابخرێن. ئیدی دەبینی ئەڵمان پەلەپەلەیانە یان بە نەرمە لۆقە بۆ کڕینی پێداویستەکانیان

دێن، بەر لەوەی فرۆشگاکان دابخرێن، واتە لە بازاڕی بازرگانیدا، قەرەباڵغی دەگاتە ئەوپەڕەکەی. ئیدی تۆش هەر لە خۆڕاو بەبێ ئەوەی هەست بکەیت، وەک ئەوان دەکەویتە نەرمە لۆقە، نەک لەبەر شتێ، هەر تەنیا لەبەرئەوەی ناتەوێ باڵندەیەکی لاتەریکی دەرەوەی ڕەو بیت. هەروەها لە ڕووی جەستەشەوە ناچار نەبیت داوای بەخشین و لێبوردن بکەیت، چونکە ڕێ لە خێرا ڕۆیشتنی ئەوان دەگریت، گوایە لە پیاسەدای.

پیشەسازیی جلوبەرگی ئەڵمانی، نە نرخی هەرزانەو نە هەرە تازەشە. ئەگەر فرۆشگایەکت دیت، کە ناوی دیزاینەر یان خانەیەکی جلوبەرگی بەناوبانگ لەسەر ئاستی جیهاندای لەسەر نووسرا بوو، ئەوە دەبینی نرخ لەوێدا گەلێ گرانترە بە بەراورد لەگەڵ نرخەکەی لە وڵاتانی دیکەی دراوسێی ئەڵمانیا، نایەتەوە بیرم، کە دیزاینەرێکی جلوبەرگی ئەڵمانی گەیشتبێتە ئاستی جیهانی...

بەڵام...

هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەڵمانیا بە نرخێکی گرانتر، جلوبەرگێکی تۆکمە دروست کراوت دەداتێ، کە بۆ چەندین سات دەتوانی لەبەری بکەیت. ئەگەر ئامادەیت هەمان پێڵاو بۆ ماوەی دە ساڵ لەپێ بکەیت و، لەوانە نیت کە بە دوای مۆدێلدا بگەڕێیت، ئەوە پەنا بۆ پیشەسازیی ئەڵمان ببە.

**پێوانەکانیان** لە جلوبەرگ و پێڵاو و شتی دیکەشدا، لەگەڵ بەژن و قەبارەی خۆیاندا دەگونجێ. سەبارەت بە خۆم و لە سەرەتای سەرچڵییەکەم لە ئەڵمانیا پێم باش بوو لە بەشی کوڕاندا (بێگومان ئەوانەی کە گەورەن) شت بکڕم. ئیدی مەزەندە بکە، هەر تەنیا خۆم چ

شـەرمـەزارییـەکم بەسـەر خـۆمـدا دەهێنا، یان هەر تەنیـا لـە لایەن یاوەرەکەمەوە.

**نرخ** دیاری کـراوەو لەسـەر ئەو کـەلوپەلەشـدا نووسـراوە کـە لە جامخانەدا نمایش کراوە، واتە بەر لەوەی بچیتە فرۆشگاکە دەیزانی، هەروەها نرخـەکـەی لەسـەر ئەو پارچەیەش نووسـراوە کـە لە نێـو فرۆشگاکەدا داندراوە. ئیدی پێویست ناکات زیرەکیی لە ڕادەبەدەری خۆت بنوێنی بۆ بەدەستهێنانی چاکترین و هەرزانترین نرخ، کە لایەق بە تۆی میوان بێت، واتە هەرزانترو چاکترت دەست بکەوێت. بەڕاستی بابای فرۆشیار لێت حاڵی نابێت و بە سەیرەوە لە هەوڵی بێ هوودەت دەڕوانێ. ڕەنگە ڕێنوێنیت بکات، کـە دوای دوو مـانگی دی لە کـاتی داشکاندنی وەرزانەدا بێتەوە، یان ڕێنوێنیت دەکات بچیتە شوێنێکی تایبەت لە هەمان فرۆشگادا، کە کالاَیەکی لێیە دەخوازرێ خێرا بفرۆشرێ. ئەویش یان لەبەرئەوەی وەرزیان بەسەر چووە یان لە کاتی بەرهەمهێنانەوە سووکە عەیبێکیان هەیە.

پێت سەیر نەبێت ئەگەر هەڵسوکەوتێکی تایبەتت لەگەڵدا نەکرا یان بزەیەکی لایەق بەخۆت نەبینی، لەسەر بنەمای، کڕیار هەمیشە لەسەر هەقە. ئەمە سیاسەت و دیاردەیەکی نەناسراوە لە ئەڵمانیا! تۆ لە بەیرووتدا نیت، تا کڕیار بەو جۆرە هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکات، هەروەها دەتگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو دەیەوێ تۆ تەنیا تەماشایەکی کالاَکەی بکەیت و تاقی بکەیتەوە. هەروەها لە لای میسرییاندا نیت، کە بۆتی دووپات دەکەنەوە، کە هیچ کاتێ نرخ نابێتە گرفت. بنەماکە بەم جۆرەیە: سەرنجێ، پراوەیەک، پارەدان ئینجا سوپاسێک. هەندێ جار ڕستەی خواحافیزیشی بەدوادا دێت.

**ئۆتۆمبێلی بەکار هاتوو:**

بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەتایبەتی هی ئەڵمانی و پاشان ئەوروپی، لە رووی قایمی و میکانیکەوە، لە نویێ باشترە، چونکە سیستەمێکی توند هەیە، کە لایەنی بەرپرس لە نمایشکردنی ئۆتۆمبیل سەپاندوویەتی، بەوەی سالانە بخرێتە بەر پشکنینی وردو سەختەوە، بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلی تۆکمە بخاتە سەر رێگاوبان، کە لە کاتی تێکچوونیان لە نیوەی رێدا، رێبواران و ئوتومبیلی دیکە لە شەقام و کۆلانی ئاسایی یان لە ئۆتۆباندا، نەخەنە بەر مەترسی یان نارەحەتییەوە. ئەمەش، واتای ئەوە نییە کە بچی رەشۆکی ئۆتۆمبیلێک بکڕی، پێویستە راوێژ بە فیتەرێکی شارەزا بکەیت، ئەگەر مەبەست لە چوونت کە بۆ ئەڵمانیا کرینی ئۆتۆمبێل بێت. هەڵبەت زۆربەی کەسوکاری ئێمە هەر بۆ ئەو مەبەستە دەچنە ئەڵمانیا.

سەبارەت بە کرینی ئۆتۆمبێل، لە زۆربەی شارە گەورە و بچووکەکاندا، شوێنی تایبەت دەبینی، کە ئۆتۆمبێل فرۆشان لە کۆتایی هەفتەدا بۆی دەچن. لەوێدا راستەوخۆ بەبێ دەلاڵ، دەتوانی ئۆتۆمبێل لە خاوەنەکەی بکڕی. پێویستە فیتەرێک لەگەڵ خۆتدا بێنی، چونکە خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە، دەخوازێ بەبێ ئوتومبیل بگەرێتەوە ماڵێ لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، رێککەوتن و پارەدانیش، وا باوە هەر لەوێدا دەکرێت.

هەروەها ئەو رۆژنامانەش هەن کە لە کۆتایی هەفتەدا دەردەچن، کە دەستەیەک ئۆتۆمبیلی جۆربەجۆر دەخاتە خزمەتی تۆوە، کە زۆربەیان راستەوخۆ لە لایەن خاوەنەکانیانەوە ریکلامیان بۆ کراوە. ئەگەر ویستت پارەی زیاتر بدەیت، ئەوە چەندین پیشانگای ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو لە زۆربەی شەقامە سەرەکییەکانی ئەڵمانیادا هەن.

بەشی بیست و دووەم

## گەشتیاری لە ئەڵمانیا

بەر لەوەی بچیتە ئەڵمانیا، هەر لە وڵاتەکەی خۆتدا پرۆگرامێکی گەشتیاری پەیدا بکە. لە نووسینگەیەکی گەشت لە وڵاتەکەی خۆتدا، داوای پرۆگرامێکی گونجاوی گەشتیاری بکە، کە بەپێی خواست و بایەخدانی تۆ، شوێنت بۆ گرِ بدات.

شوێن و جێی سروشت و چەم و جەنگەڵ و دەریاچەو... هتد، زۆرن و لە ڕووی جوانییەوە هەمەجۆرن. مۆزەخانەو جێ شوێنەوار زۆرن و ڕەسەنایەتیی ئەڵمان دەخەنە ڕوو. لە ڕووی کولتوورەوە، هیچ شارێکی گەورە نییە، کە ئۆپرای نەبێت، هەروەها ئۆرکیسترا (فیلهاور منیکا)ی تایبەت بە شارەکەش هەیە. (لە بیرت نەچێ تۆ لە وڵاتی بیتهۆڤندای).

ئەگەر تۆ لەو کەسانەی کە حەز بە ژاوەژاوی شار دەکەیت، ئەوە لە هەموو شارەکاندا، شوێن و گەڕەکی تایبەت بە پیادە هەیە، کە چایخانەو چێشتخانەو مەلهایان تێدایە، زۆربەیان لە ناوەڕاستی شاری بازرگانیدان. خۆ ئەگەر کەسێکی سەرکێش بوویت، واتە لەوانە بووی کە بێ بەرنامەیەکی پێش وەخت، ڕاگوزەر گەشتەکەتان دەست پێ دەکەن، ئیدی پێویستە کە داوا لە کارمەندی پێشوازیی هوتێلەکە، یان کارمەندانی پرسگەی فڕۆکەخانەکە یان وێستگەی

شەمەندەفەرەکان بکەیت، کە ئارەزووی چی دەکەیت، بۆ ئەوەی ڕێنوێنیت بکەن، کە ئەم ئێوارەیە سەر بە کوێوە بنێیت.

بازاڕی کراوە، کە شارەوانی ڕێکی دەخەن، وا باوە لە ڕۆژانی کۆتایی هەفتەدا بن. بەرهەمهێنەران ڕاستەوخۆو بەبێ دەلاڵ هەرچی کالا و بەرهەمی خۆیانە، لەو گۆڕەدا بۆ کڕیاران دەیخەنە ڕوو. ئەوان لە گوندانەوە بە پیکابی بچووک بەرەو شاران دێن، بەرهەم و بەروبوومی خۆیان لە چەشنی گوڵ یان سەوزەی تازە یان کاری دەستی خۆیان دەهێنن، کە هەر خۆیان هێناویانەتە بەرهەم و دروستیان کردوون.

## کەرنەڤاڵ و ئۆکتۆبەر فست و جەژنی شەراب و جەژنی گولان و هی دیکە

لە کۆلۆنیاو باشوورو ناوەڕاست، کە زۆرینەیان کاتولیکن، ئاهەنگی کەرنەڤاڵ لە سەعات ١١:١١ی سەر لە بەیانیی ڕۆژی ١١ی مانگی ١١ (نۆڤەمبەر – تشرینی یەکەم)ی هەموو ساڵێک، دەست پێ دەکات.

شتی دیار لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا، کە خانمانی سکرتێر مافیان هەیە، چۆنی بیانەوێ لەگەڵ سەرۆکەکانیاندا هەڵسوکەوت بکەن. وا باوە ئەوان داوای قاوە لە بەڕێوەبەران دەکەن. دابی سەیر ئەوەیە، خانمانی سکرتێر لە بەشەکانی کۆمپانیاو لە هەندێ شەقامی بازرگانیدا دەسووڕێنەوە، مقەسێکیان بە دەستەوەیە، جا ئاگاداری بە و نەکەی بەرهەڵستی بکەیت، ئەگەر خانمێکی مقەس بە دەست لێت نزیک بووەوە. مەبەست لە هەڵگرتنی مقەسەکە، بەکارهێنانیەتی، هەروەها سەرشۆڕکردنی تۆیە. بەڵێ… ئەوان تەنانەت لە شەقامیشدا ڕوو لە پیاوان دەکەن، بۆ ئەوەی بەشێکی بۆینباغەکەیان ببڕن. تەنیا

ڕێوشوێنێک کە پیاو بۆ ئەو هەڵوێست و لەو ڕۆژەدا بەتایبەتی بیگرێتە بەر، ئەوەیە کە کۆنترین و ناشیرینترین بۆینباغ لە مل بکات، بۆ ئەوەی سەربەرزانە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە.

ئەم ئاهەنگی کەرنەڤاڵە بۆ سەردەمی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، کەوا باوە ئاگاداری و بانگەواز رادێراوە، کە ئیدی ئاهەنگ دەست پێ دەکات بۆ دەرکردنی خراپەو ڕۆحی خراپەکارانە. دواتر کڵێسە پێشوازیی لەو ئاهەنگانە کرد، چونکە سەبارەت بەوان واتای ئەوەی هەبوو، کە گەل وزەی جەستەی بەر لە ڕۆژانی جەژنی لەدایکبوون دەردەکات. ئەڵمان ورد ورد دەرکردنی وزە جێبەجێ دەکەن، چونکە ئەوان کاتێ ئاهەنگی جەژنێ دەگێڕن، بە تایبەتی لە کەرنەڤاڵدا، تا ئەو پەڕەکەی ئاهەنگی گەرم دەگێڕن، بە هەموو گەرم و گوڕییەکی ئاهەنگەکەوە. دەبینی هەمووان جلی جەژن لەبەر دەکەن، جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی لێبووکان، واتە جلوبەرگێکی بە تەواوەتی دوور لە جلوبەرگی فەرمی و دوور لە بۆینباغ، کە لە زۆربەی ڕۆژگاری ساڵدا بە ملیانەوەیە، هەروەها دوور لە هەر شتێکی هێما بێت یان پێوەندیی بە کارەوە هەبێت.

بەڕاستی دنیایەکی دیکەیە. گەل دێتە سەر جادەو کۆڵان، ئۆتۆمبیلی دابەشراو و، نەخشین بە گوڵ و گوڵزار یان شتی دیکەی هاوچەشن و گونجاو لەگەڵ بۆنەکەدا، بە نێو خەڵکیدا گوزەر دەکەن. لە لای ئەڵماندا وا باوە، کە لەو جەژن و ئاهەنگانەدا، بە حەزێکی زۆرەوە، مەی و خواردنەوەیەکی زۆر، بە درێژایی شەوگارو ڕۆژگاری ئاهەنگەکە، بەڕادەی مەستبوون، دەخورێتەوە. هەرکاتێ بێداریش دەبنەوە، دیسان تا کۆتایی ئاهەنگەکە، هەر تێ هەڵدەچنەوە، واتە تا نیوەشەوی ڕۆژی

سێ شەممەی دواتر. پاشان یەکسەر ژیان دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی. جلوبەرگی کەرنەڤاڵ بۆ ساڵی داهاتوو هەڵدەگیرێت، هەر لە تەنیشتی ئەوانەوە، کەیف و خولقی ئەو ئاهەنگانەش هەڵدەواسرێن.

ئیل ئۆکتۆبەر فست ، جەژنی بیرە، کە ئێستا لە هەموو شوێنێکی جیهاندا کە ئەڵمان هەبن، ئاهەنگی ئەم جەژنە دەگێڕدرێ، ئەم جەژنە کە لە هەموو جیهاندا باوە، دابێکە شاری مێنشن پایتەختی باڤاریا پێی بەناوبانگە.

شاری مێنشن پایتەختی هەرێمی باڤاریا لە باشووردا، شوێنی لەدایکبوونی ئیل ئۆکتۆبەر فستە، کە لە مانگی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)دا نییە، بەڵکو لە مانگی سێپتەمبەر (ئەیلوول)ی هەموو ساڵێکدایە!! ماوەی شازدە ڕۆژ دەخایەنێ.

زۆربەی شەقامەکانی مێنشن، پۆشاکی نوێ دەپۆشن، لە ناوەڕاستی شەقام و گۆڕەپانی سەرەکیدا، ڕەشماڵی گەورە هەڵدەدرێ، خاوەنی کارگەو هەوێنخانەکانی بیرە هەڵیاندەدەن. کاتێ دادەنیشی، ئەوە ئەگەر شوێنێکی دانیشتنت دەست بکەوێت، بە دەوری مێزێکدا، خانمێکی زل بەرەو ڕووت دێت، چەشنی بلدۆزەر مل دەنێ، بە هەر دەستێکی پێنج پەرداخ بیرەی هەڵگرتووە، بەڕاستی گەورەترین پەرداخ بوون کە بە درێژایی ژیانم دیومن!

بەشی بیست و سێیەم

## کار بکە... کار بکە

خـانوویەک دروسـت بکەو.. مـۆڵەت وەربـگرە، خــەمی ئەڵمــان کـڕینی خـانوویەکی تایبـەتە. ئەڵمـان بـە مـاندووبـوون و دڵسـۆزی و ئـەوپەڕی وردییــەوە کــار دەکــەن. بـەپێی توانـاش پاشــەکـەوت دەکــەن بۆ بـەجێ گەیاندنی ئامـانجـەکـەیان، بە تایبـەتـی ئەوانەی خـەڵکی باشـوورن، کە دروسـتکردن یـان کـڕینی خـانوویەکی تایبـەتە، بۆ ئەوەی بیکەنە قـەڵای نیازان.

پاش ئامـــادەکــردنی بەرنـامـــەی ژیان، لـە چوارچێــوەی پلانێکی داڕێژراو، کـە هـەر خـۆیان، بەبێ واعیزو چـاودێر، دایدەنێن و بەو پەڕی وردییەوە پیادەی دەکەن. ئەڵمان بەرنـامەی خۆشی و کات بەسـەربردنی ژیانی، بە بەروار و وادەی دیاریکراو و بەرنامـەی ڕێکوپێک، دادەڕێژن. واتە یەکسـەر لەگـەڵ کۆتایی هـاتنی مۆڵـەتی هـاوین یان هـەر لە کـاتی ئەودا، نـەخــشــەی بەرنـامــەی هـاوینی داهـاتـوو دەکـێـشن، دەسـت بە پاشـەکەوت و گـڕدان و گرتنی شـوێن دەکـەن، بـۆ ئەوەی بەرنامـەکـەیان بەجێ بگەیەنن.

ئەڵمـانێکی ئاسـایی بوار نادات، بەرنامـەی مۆڵەتی سـاڵانەی، لەگەڵ بەرنامـەی خـانـوو کـڕینیـدا، دژ بەیەک بکـەون. ڕوونتـر بڵـێین، مـۆڵەتی

سالآنه پیرۆزەو جێی بایەخ و پێشینەیە، کە سەرەنجام پێویستی بە کارو ئامادەکاری و ڕێکخستنێکی قورس هەیە. لەسەر بنەمای ئەوەی، بە درێژایی ساڵ کار دەکات و ڕەنج دەکێشێ، لە بەرامبەردا دەبێ مۆڵەتەکە گونجاو بێت و مایەی خۆشی بێت، قەرەبووی یەک ساڵ ماندووبوون بکاتەوە.

مۆڵەتی سالآنە- وەک ڕێسایەکی باو لەسەر ئاستی جیهاندا – لە هاویندایەو ئەڵمان لەگەڵ خێزانەکانیاندا بە سەری دەبەن (واتە لەگەڵ منداڵی تەمەن کەمتر لە شازدە ساڵ). بەشێکی زۆریان بە ئۆتۆمبیل بەرەو باشوور دەکشێن، کە لە ئیتالیا و ئیسپانیاو دورگەکانیاندا، بەدوای خۆردا دەگەڕێن، ئینجا تورکیاو پاشان یۆنان دوا بە دوای یەک. هەندێکیان کە دەیانەوێ خۆیان لە ئۆتۆمبیل لێخوڕین بۆ ماوەیەکی دوورو درێژو، لە قەرەباڵغیی ڕێگاکانی بەرەو باشوور لە سەرەتای هەموو وەرزێکی هاوین و، بە پێچەوانەوە بەرەو باکور لە کۆتایی مۆڵەتەکاندا، بپارێزن، بەتایبەتی کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ژمارەی ئەندامانی خێزان لە سێ کەس تێپەڕ ناکات، بۆیە بەرەو توونس و مەغریب دەچن.

سەیر لەوەدایە، ئەڵمان کە سوورن لەسەر پێوەستبوون بە هێمنی و، ئارامی دەپارێزن، هەروەها پیادەکردنی یاسای داخستنی چێشتخانە لە سەعاتێکی دیاریکراوی ئێوارە لە وڵاتەکەیاندا، هەروەها بەسەربردنی ژیان لە شوێنی ئارامی نیشتەجێبوون، کەچی دەبینی لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان لەکاتی مۆڵەتدا، کەوای سوور بوون و پێوەستی فڕێ دەدەن، هەروەها تێکەڵ بە کەشی پڕ لە ژاوەژاو دەبن و، لە هوتێل و هەواری واش دەمێننەوە، کە لە ژاوەژاوی ناوەڕاستی شاران دوور

نین. واتە دەیانبـــینی ژیانێکی بێ پســـانەوە بە درێژایی ڕۆژگـــار و شـەوگار بەسـەر دەبەن. هەروەها تێکەڵ بە کولتووری ئەو وڵاتانە دەبن کە وەک گەشـتیار میواندارییان دەکەن، وەک منداڵانی نێو قوتابخـانە وان، کاتێ بۆ ئیسـراحەت و پشـوو دەردەچن، ئەو پشـووەی کەوتووەتە نێوان سەعاتە دوورو درێژەکانی وانە و خوێندن.

دوو جۆرە گەشتیاری ئەڵمان هەن. یەکەمیان بە گەرمییەوە بایەخ بە وردەکـاری و بەروارو کولتـوورو مـۆزەخـانەو شـوێنەوارو شـتی دیکەی هـاوچەشنی ئەو وڵاتە دەدات، کە مـۆڵەتەکەی تێدا بەسـەر دەبات. ئەوی دیکەشیان شەیدای خۆرو کەنار و شـەوگەڕە، لە زۆربەی کاتیشدا مەی هـاوڕێیــەتی. ئەمی دواییــیـان بێ گـومـان ئەوەشـی لەبیـر ناچێت، کـە هەندێ کاتی کەم لە سەردانی شـوێنەواری گرینگی ئـەو وڵاتەدا بەسەر ببـات، کـە هـاتووەتە سـەردانی. هەر تەنیـا بۆ بینینی ئەو شـتـانەی لە سـەردەمی قوتابێتیدا خوێندوونی.

ئەگەر لە قـاهیرەدا بوویت، بچوو بۆ هەرەمەکـانی جیزەو نیو سـەعات چاوەڕوان بە، کـە لە هەر سـەعـاتێکی ڕۆژدا بێت و لە زۆربەی کـاتی سـاڵدا، بۆتی دووپات دەکەمـەوە، کە ئەڵمـانێک یان پاسـێک دەبینی کە ژمارەیەک گەشتیاری ئەڵمانی تێدایەو بە تەکتدا تێپەڕ دەبێت.

ئەڵمـان مـۆڵەتی خـۆیان وا ڕێک دەخـەن، کە یەکسـەر لەگەڵ کۆتایی هـاتنی سـاڵی خـوێندنی منداڵانیـان، گـەشت دەست پێ دەکـەن. لە بـەرامــبــەردا، بەر لە ڕۆژێ یان چەند ڕۆژێ، لە دەست پێکردنـەوەی سـاڵی تازەی خـوێندن، دەگـەڕێنەوە. ئـەم ڕێکخـسـتـنەی وادەی دەست پێکردن و کـۆتایی هـاتن و گـەڕانەوە و مـانەوە و ..هـتـد، وەک وێنـای دەکـەیت، ئەم جـۆرە مـۆڵەتە پێویسـتـی بە ڕێکخـسـتن و هـەمـاهـەنگی و

وردی هەیە، کە بە چەند هەفتەیەک یان چەند مانگێک بەر لە دەست پێکردنی مۆڵەتەکە، کرابێت.

ئەڵمان عاشقی گەشت و سەیرانن، لە چیلی لە ئەوپەڕی ئەمریکای باشووردا دەیانبینی، هەروەها لە هیندستاندا یان لە ئوسترالیادا، لە هەموو ئەو چیاو جەنگەڵ و بیابانانەی لە نێوانیاندایە، ئەوان مافی دیتن و سەرچڵیی خۆیان پیادە دەکەن. گرینگ لەم پەسن و درێژەدانە، ئەوەیە دڵنیابیت کە دیاریکردنی کاتی سەردانەکانت بۆ ئەڵمانیا، وا بێت کە لە دەرەوەی ڕۆژگار و وەرزەکانی مۆڵەت بێت، ئەم ڕۆژگارو وەرزانەش لە ئەڵمانیادا زۆرن، کە ڕەنگە نەتوانی هەموو کارەکانت لەو وەرزانەدا جێبەجێ بکەیت. واتە ڕەنگە لە هاویندا لەگەڵ یەکێ لە بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاردا، کۆببیتەوە، بەڵام لە هەمان وەرزدا ناتوانی خەڵکانی دیکەی خاوەن بڕیار ببینی، چونکە کاری گرینگ و هەستیار، تەنیا لە هاویندا تەواو دەکرێن. باشترین کات لە هەموو ساڵێکدا پاییزە.

هەروەها دەگەیتە هۆی گوشاری ئەو پرۆگرامە چڕەی ئەڵمان لە وەرزەکانی (کار)دا پەیڕەوی دەکەن، لە پێناو ئەوەی دەکرێ بەر لە هاتنی ماوەی مۆڵەت، تەواو بکرێت.

هەروەها لەسەرتە بزانیت، کە مۆڵەت هەیە نەتەوەییە یان ناوچەییە یان شتی دیکەی لەم جۆرە، کە لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دی دەگۆڕێت.

بەشی بیست و چوارەم

## هەرێمەکان و شێوەزارەکان

بێگومان تەنیا زمانێک هەیە کە ئەڵمانییە. هەڵبەت هۆی ئەو سەرە باسەش ئەوەیە، کە بۆ یەکەم جار گوێت لە هەندێ شێوەزار دەبێت، وا دەزانی لە وڵاتێکی دیکەدای، بەڵام لە ڕاستیدا تۆ لە هامبۆرگەوە چوویتەتە مێنشن.

هەڵبەت وەک هەر وڵاتێکی دی، شێوازی جیاجیا ئاخاوتنی هەیە. خەڵکی باکور بە ئەڵمانییەکی کلاسیک دەدوێن، واتە بەبێ شێوەزارو دەڤۆکێکی ئەوتۆ. خەڵکی باشوور بە ئەڵمانییەکی تیژ دەدوێن، هەندێ جار پەیڤەکت بە تەواوی لێ دەگۆڕێت. هەر بۆ نموونە وەک جیاوازیی نێوان (خوبز) و (عەیش) لە زمانی عەرەبیدا (کە هەردووکیان هەر نانن – وەرگێڕ). بە هەمان شێوە (کێف ئەحوالەک) و (ئزرزەییەک) و (شلۆنەک) و..هتد، کە هەر هەمووشیان یەک واتایان هەیە کە (چۆنی)یە.

پێشنیار دەکەم بەپێی توانا زمانی کلاسیکی داشکاو بەلای ستاندەرد بەکار بهێنی.

ئەزموونی من لەوەوە دەست پێ دەکات، کە گەیشتمە باشووری ئەڵمانیا، کە شێوە زمانی ئەوێ فێربووم و لە میمۆری مێشکمدا

چەسپی. وەک بەرایی ئەو پەیڤانەی هەر لەوێداو بە شێوەزاری ئەوێ بیستمن. جا وەرە وێنای کاردانەوەکەی بکە لەبەر گوێی ئەڵمانەکان لەوپەڕی باکوردا، کە دواتر چوومە ئەوێ، وەک ئەوە وا بوو، ئەڵمانێک بە زمانی عەرەبی، بەڵام بەشێوەزاری سەعیدی میسر قسانت لەگەڵ بکات!

جیاوازی هەر لە شێوەزاردا نییە، بەڵکو لە هەندێ دابونەریت و مەیل و ئارەزووی تایبەتی ئەوانیشدا هەبوو، کە لە خەڵکی دیکەی جودا دەکردنەوە! ئەڵمانی باشوور شانازی بە باشوورییەکەی خۆیەوە دەکات، بە هەمان شێوە ئەڵمانی باکور و ئەوانی ڕۆژهەڵات. گیانی کێبڕکێی مەردانە لە نێوانی گشت هەرێمەکاندا، هەمیشە لە کاردا ئامادەیە، هەروەها لە وەرزش و لە خواردن و لە خواردنەوەشدا.. هتد. هەر هەمووان ئەوپەڕی توانایان وەگەڕ دەخەن بۆ پیشاندانی کولتووری ناوچەکەیان و تواناکانیان. کێبڕکێی لەم شێوەیە زۆر سوودبەخشە. هەڵبەت لە هەوەڵ و ئاخیردا بەرامبەر بە بیانییان، ئەڵمان شانازی بە ئەڵمانی بوونی خۆیەوە دەکات، بەڵام لەنێو خۆیاندا، گاڵتە بە شێوەزاری یەکدی دەکەن. هەندێ جار لە پاش ئەوەی بە دابونەریتیان ئاشنا بوویت و لێیان تێگەیشتی، دەبینی ئەو نوکتانە مایەی پێکەنینی زۆرن.

بەشی بیست و پێنجەم

## شار - پایتەختەکان - پایتەخت

ئەڵمانیا وەک بەریتانیا، لەندەنایەتیی نییە، وەک فەرەنساش، پاریسایەتیی نییە. ئەمە لە ئەوروپا. یان وەک ئەوەی لە قاهیرەی میسر، یان بەیرووتی لوبناندا دەیبینین، بگرە یان وەک هەر دەوڵەتێکی عەرەبی. هەڵبەت لەگەڵ برێ هەڵواردن.

لە ئەڵمانیادا، هەر هەرێمەو پایتەختی خۆی هەیە. لە هەر شارێکی گەورەشدا، هەموو فەرمانگەیەکی حکوومەت هەیەو، ئەوەی تۆ بۆ تەواوی مامەڵەیەکی دەتەوێ، لەبەر دەستدایە، بەبێ ئەوەی پێویست بکات بچیتە بەرلین پایتەختی فیدرالی، بۆ ئەوەی کارو مامەڵەیەکت تەواو بکەیت. (ڕەنگە پێویستت بەوە بێت بچیتە بەرلین بۆ تەواوکردنی مامەڵەیەک تایبەت، بە خۆت و تەنیا لە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەتدا). دەشتوانی نەچیتە بەرلین، مامەڵەکەشت بە پۆستەی ناوخۆ بنێری، بە مەرجێ خۆت پارەی ناردن و هێنانەوە و ڕەسم و.. هتد، بدەیت... بەڵام بەر لەوەی تێکەڵ بەم تەکنیکە ببیت، پێویستە دڵنیابیت لەوەی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەت، لاری نییە لەوەی خۆت نەچی.

بەشی بیست و شەشەم

## مەجلیسی ئەڵمان

لە دەرەوەی دەوام و کـاردا، کـەشـێکی خـۆش یان گـەرم بۆ ئەڵمـان دەستەبەر بکە، کە خـواردن و خواردنەوەشـی تێدا بێت، وزەیەکی ئەوتۆی تێـدا پـەیدا دەبێت، کـە دەتـوانێ تا گـزنگی بەیانی ڕۆژی دواتر لـەگـەڵت دانیشـێ و قسـەت بۆ بکات و بتدوێنێ. ئەڵمان زۆر قسە دەکەن، هـەمیشە بێ بابەت نین، لە نێو خـۆیاندا دەیانبینی هـەر هـەمـوویان مـامۆسـتـان لە وانـە گــوتنـەوەدا، هـەروەهـا نموونـە دەهێننـەوە بەوەی لە دومـــاهیـــدا دەتگەیەنێتە ئەڵمانی بوونی ژیان، یان پیشاندانی ئەڵمانی بوونی ژیان.

### گۆڕان، نیمچە مەحاڵە

هیـچ لارییـان لەوە نیـیـە، گـوێ لە سـەرنجێ بگرن، دەربـارەی هـەر شـێوازێکی لـە ژیاندا پەیڕەوی دەکـەن یان کـارێکی کـە دەیکەن. بەڵام چاوەڕوان مـــەبە کـــە لـە شـــەو و ڕۆژێکدا ڕەوتی کـــاریان بگـۆڕن، هـەرچـەندی کـە تـۆ لە ڕازیکردنی خـەڵکدا کـارامـە بیت و تیـۆری و بۆچوونیشت ڕاست بن. هەر گۆڕانێک پێویستی بە چەندین کۆبوونەوە هـەیە لەگەڵ چەندین بازنەی جیاجیا، لە ماڵ یان لەسـەر کارو، هـەروەها چەند لایەنێکیش بە وردی و بە قـووڵی لێی بکۆڵنەوە. پاش ڕازیبـوونی پسـپـۆڕان و بەشـدارانی کـۆبوونەوەکان، دەکـرێ ئەو کـات دەرفـەتێکی

تاقیکارانە، بە گۆڕانی پێشنیاز کراویشەوە، بدرێت.

ئەگـــەر لـە مـــاوەی ئـەزمـــووندا و تا کـــاتێکی باش بە پلەی نایاب، سـەرکـەوتنی بەدەست هێنا – ڕەنگە لەگەڵ پیادە کردندا شـتی کـتوپڕ بێـتـە ئاراوە – ئیـدی دەخـرێتـە واری جـێـبـەجێ کـردنەوە. ژیانی تایبـەتیـیـان بە دەوری خـولگەی یانـەکـانی وەرزش یان کـۆمـەڵایەتی، ڕێچکە دەبەسـتـێت. ئەم جـۆرە یانانـە زۆرو هەمـەچـەشـن، کە بـایەخی فـرەلایەنی مـریدانیـان پیـشـان دەدەن. ڕەنگە هـەندێ جـار یانەی وا ببـینی، ئـەم ناوانەی هەبێت: ئارەزوومـەندانی ڕاوەمـاسی، دۆسـتـانی کیسەڵ، عاشقانی کۆلارە هەڵدان (منیش لە لای خۆمەوە، هەندێکم بە سـەرەوە نـاوە). یانەی تـایبـەت بـە بەڕێوەبەرانی جـێـبـەجـێکار و ناجێبەجێکاریش هەیە، هەروەها هی فەرمانبەران و فەرمانبەرانی گەل گـواسـتـنەوەش هەیە. سـەرباری یانـەی دیکەی سـیـاسی و ئاینی و وەرزشی. هـەڵبـەت دوور نیـیـە ئـەڵمـانێک ببـینی، کـە لـە یەک کـاتدا ئەندامی دوو یانە بێت. زۆربەی مـریدانی یانـەکان لە چوارەمین دەیەی تەمـەن و بەرەو ژووردان. هەرچی لاوانە، ئەوە زیاتر بایەخ بەو یانانە دەدەن، کە خـاوەن مـۆرک و چالاکیی وەرزشن. وا باوە ئەندامـبـوون لە یانەیەکدا گرانە، واتە نرخی ئەندامێـتی گرانە، بەتایبەتی یانەکـانی گۆڵف، کە گەمـەی فرانز پێکنپاوەرە (ئەفسانەی تۆپی پێی ئەڵمان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠وە تا ناوەڕاستی نەوەدەکان).

هەڵبـەت لەگەڵ سـەرەتای سەدەی ئێستادا، قاوەخانەی ڕۆشنبیری پەیدابوون، کە کەشـێکی ئەوتۆ بۆ مشـتـەرییـەکان ئامادە دەکەن، کە بەدەم خواردنـەوەی قاوەیەکەوە، لە کەشێکی ئیسراحـەت و نافەرمیدا، بتوانی گفتوگۆ دەربارەی کتێبێک یان بابەتێک، لەگەڵ هەر کەسێکی دیکەی نێو قاوەخانەکەدا بکەیت.

بەشی بیست و حەوتەم

## تۆپی پێ

وەک چۆن لە وڵاتانی عـــەرەب وایە، تۆپی پێ یارییـــەکی هەرە جەماوەرییە لە ئەڵمانیادا، زۆربەی ئەو ٨٠ ملیۆنە، لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە، پێوەی خەریکن. خولی ئەڵمانیا بۆ ماوەی شەش مانگ، نزیکەی کۆتایی هەموو هەفتەیەک، لە شاشەی تەلەفزێونەوە، ئەڵمان سەرقاڵ دەکات. ئەگەر گەمە لە شارەکەی خۆیاندا بێت، زۆربەیان دوودڵ نابن لەوەی، لە کەشێکی ئەڵمانییانەدا کە زۆربەی ڕۆژانی باراناوییە، بچنە یاریگا. پاش خولی ئەڵمانیا، یارییەکانی جامی جامان دێت، ئنجا جامی ئەوروپا، تا وادەی جامی جیهان دێت، کە زۆربەی ئەڵمان ڕاستەوخۆ تەماشای دەکەن، یان مۆڵەت و کاتی خۆیان بەو جۆرە بەرنامەڕێژ دەکەن، بۆ ئەوەی بچنە کۆریای باشوور یان ژاپۆن، تا بە زیندوویی یارییەکان ببینن. سەرەنجام هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ناوی وڵاتانی میواندار لە لایەن یەکێتیی جیهانی تۆپی پێوە، خۆ ئامادەکردن بۆ سەفەر دەست پێ دەکات (واتە نزیکەی بەر لە سێ ساڵ و یازدە مانگ و بیست ڕۆژ). بۆ ئەوانەی ناتوانن سەفەر بکەن، تەلەفزیۆن وەک باشترین ئامراز دەمێنێتەوە.

وەک لە وڵاتی ئێمەشدا باوە، لە تەماشا کردنی یاری و هاندانی تیپ

و هەڵبـژاردەکـانیـان، پیـاوان لە ژنان دڵسـۆزتر و دڵگەرمـتـرن. وێڕای ئەوەی ژنان لە مەدرەجی یاریگاکانی تۆپی پێشدا دەبیندرێن، هەروەها تیـپی تۆپی پێی ئافـرەتانیـشـیـان هەیە، کـە لە جـیـهـاندا پێگەیەکی شایستەی هەیە.

لە کۆتاییدا دەتوانی، گەر ئارەزوو بکەیت، بەو ئاکامە بگەیت، کە بە کـورتی شـێوازی بـاو لە ڕاسـتگۆیی **(لە ئەڵمـانیـا دروست کـراوە)**یە، ئەمـەش پەرجوویەک نییـە و شتێ نییـە لە دەرەوەی جیـهـانی خۆمـانەوە هاتبێت، بەڵکو زۆر بە سادەو ساکاری، پێوەسـتبوونە بە سیستـەمێک بـۆ کــارو بۆ ژیانی ڕۆژانـە، ســـەربـاری بایـەخـــدان بە ســـروشت و، پاراسـتنی وزە تا ئەو پەڕەکەی، کە بەڕاستی وزە سەرچاوەی ژیان و بەردەوامییە.

سەرکەوتنی **لە ئەڵمانیا دروست کراوە**، کاریگەریی خستووەتە سەر دەروونی ئەڵمـان، هەروەها غروریشی پێ بەخشیوە. سەرەنجام ئەمە وای کـردووە، بەرامـبـەر بە ڕەگـەزی خـۆی، پتـر نەژادپەرست بێت و، بەرامـبـەر بەوەی دەیکات سـوورتر و تونـدڕەو بێت. ئا لێـرەدا هـەڵەیە، چونکە پێـشـتـر ئەڵمـان، لە دەرەوەی وڵاتدا، بە شـێوە و شـێوازی باو، کاریان بۆ برەو پێدانی بەرهەمی خۆیان نەکردووە، ئەویش لەبەرئەوەی زۆر مـتـمـانەیان بە تواناو چـاکیی بـەرهـەمـەکـەیان هەبووە. مـەزندەش دەکـەن، لە دەرەوەی سنـوورەوە، بەکـاربەر دێتـە پێش و داوای کـاڵاو بەرهەمی ئەڵمـانی دەکات. واتە بەبێ ئەوەی جـەنابیـان ئەرکی ریکلام و برەو پێـدانی بگرنە ئـەسـتـۆ، بە هـەمـان ئەندازەی وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتی ئاسـیـا دەیکەن. بەڵام ئەڵمـان سـوورن لەسـەر ئەوەی بەرهـەمی ئەوان چاکترو... گرانتریشە.

# پێڕست


بەرایی بۆچی لە ئەڵمانیا دروست کراوە؟ ........ 7
بەشی یەکەم– ئەڵمان کێیە؟ ........ 13
بەشی دووەم – ڕێزگرتن لە موڵک و سامان ........ 18
بەشی سێیەم – یەکەمین دیدار و ڕێوڕەسمی تەوقە ........ 22
بەشی چوارەم – گفت و لفت ........ 23
بەشی پێنجەم – ماڵی ئەڵمان، قەڵای قایمی ئەوانە ........ 31
بەشی شەشەم – داوەتی نانی ئێوارە ........ 34
بەشی حەوتەم – نازناو ........ 38
بەشی هەشتەم – کار و دەوام ........ 40
بەشی نۆیەم – وڵاتی لیست و فۆرم ........ 42
بەشی دەیەم – پاراستنی سروشت و ژینگە ........ 44
بەشی یازدەهەم – پێوەندی و گواستنەوە ........ 50
بەشی دوازدەهەم – هوتێل ........ 65
بەشی سێزدەهەم – دەستگرتن بە وزەوە ........ 74
بەشی چواردەهەم – هەست و سۆز... منداڵ و ئاژەڵ ........ 77
بەشی پازدەهەم – نیگەرانی ........ 80
بەشی شازدەهەم – ئەڤین پێویستە ........ 84
بەشی حەڤدەهەم – هەر مەبەستە و... بۆ کات و شوێنی خۆی ........ 86
بەشی نۆزدەهەم – ژن – منداڵ و... پیاو ........ 90
بەشی بیستەم – چێشتخانە، چی دەخۆی؟ ........ 95
بەشی بیست و یەکەم – لە ئەڵمانیا چی دەکڕی – شت کڕین ........ 100
بەشی بیست و دووەم – گەشتیاری لە ئەڵمانیا ........ 104
بەشی بیست و سێیەم – کار بکە... کار بکە ........ 108

بەشی بیست و چوارەم – هەرێمەکان و شێوەزارەکان ..... 112
بەشی بیست و پێنجەم – شار – پایتەختەکان – پایتەخت ..... 114
بەشی بیست و شەشەم – مەجلیسی ئەڵمان ..... 115
بەشی بیست و حەوتەم – تۆپی پێ ..... 117